دابینكردنی مافە نەتەوایەتییەكانی گەلی كورد لە چوارچێوەی ئێرانێكی دێموكراتیكی فێدراڵدا

# كوردستان

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بڵاوی دەكاتەوە

ژمارە ٧٦٦، دووشەممە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی، ٢٠ی ژانویەی ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com

### لە پێشوازیی ٢ی ڕێبەنداندا

لە پێشوازیی ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا، وێڕای پەیمان نوێكردنەوە لەگەڵ ڕێبازی پێشەوای نەمر و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی كوردستان، بەڵێن دەدەین كە تا سەركەوتنی تیشكی نیشتمان بە سەر ڕەشایی كۆشكی داگیركەردا لە خەبات نەوەستین و بۆ بەدیهاتنی ئامانجەكانی كۆمارە ساواكەی كوردستان لە هیچ هەوڵێك دریغی نەكەین.
٧٤ ساڵ خەبات و تێكۆشان، ٧٤ ساڵ وەفا بەرانبەر بە ڕێبازی پێشەوا و شەهیدانی كوردستانە، ڕۆڵەكانی پێشەوا قازی لە سەر ڕێبازە ڕەواكەی بەردەوامن و پاش تێپەڕبوونی ٧٤ ساڵ بە سەر تەمەنی لەدایكبوونی كۆماردا بۆ وەدیهاتنی ئامانجەكانی ئەو گەورە پیاوەی مێژوو ڕیزی پێشمەرگایەتی دەكەنە ماوای خۆیان.
بەرز و پیرۆز بێت ٢ی ڕێبەندان، ٧٤ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی كۆماری دێموكراتیكی كوردستان



كۆمار سەرچاوەی ئیلهام بۆ ڕاسان
٤


خێڵ و عەشیرە ڕمبازگەی شانۆكارییەكانی ڕێژیم
٦


ئایا هەموو ڕووداوەكان سێناریۆ بوون ؟
٨


ڕاهێنەری فێرگەیەك بۆ فێربوون
١٠


# هاتنەوەی «والی كوردان» بۆ ماڵەگەورە



یەكێك لە دێرینترین زیندانیانی سیاسیی كورد، دوای ئەوەیكە لە زیندان ئازاد كرا، دیسانەوە گەڕایەوە ڕیزی هاوسەنگەرانی و جارێكی دیكەش وەفاداریی خۆی بە ڕێبازی نیشتمان سەلماندەوە.

«والی دروودی» زیندانیی سیاسیی كورد دوای ئازادبوونی لە ٢٦ی سەرماوەز و پاش ٢٣ ساڵ زیندانی بوون، پەیوەست بوویەوە بە ڕیزی تێكۆشەرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران و بەرەنگاری و خەباتی بەندیخانەیە لەگەڵ خەباتی شاخ لێك ئاڵاندەوە.

«والی درووی» بە تۆمەتی چالاكی سیاسی دژ بە ڕێژیمی پەتوسێدارە بە زیندانی هەتاهەتایی مەحكووم كرا و پاش ٢٣ ساڵ بەگژداچونەوەی ئازارەكان دیسانەوە بڕیاری شۆڕشی دا و پەیوەست بوویەوە بە ڕیزی تێكۆشەرانی حیزبەكەی.

ئەو هاتووەتەوە تاكوو وێڕای ئەزموون لە خۆڕاگری زیاتر لە دوو دەیەی، بە زمانی سەبوری، وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕ بەڵێنەكانی یەكەم ڕۆژەكانی خەباتی دووپات كاتەوە و دەست لە ناو دەستی هاوڕێیانی بەرەو سەنگەری خەبات هەنگاو هەڵگرێتەوە. باس باسی داهاتووە و ئەركی نوێ. مەزنەپیاوی ئەم شۆڕشە، پێشمەرگەی ئەم كۆمارە نەكەوتووە ئاشكراتر لە هەمیشە هاتووەتەوە هەتا بۆ ڕزگاریی یەكجاری، ئازادی بكات بە دیاری. ئەهریمەن ناتوانێ خۆر بشارێتەوە. شەو ناتوانێ پێش بە گزینگی بەیان بگرێ، حەقیقەت وەك خەڵفی دار بەڕووی وشكنەبوو، دەڕوێتەوە. ئاهەنگی ئەم بارانی غەریبییە جارێكیتر بۆ ڕواندنەوە دەسترێ.

«والی»ـەكەی نیشتمانم؛ لە یەكەم كاتەوە كە چووی بەگژ ئەم دێوەزمەدا، ئەم وەیشوومەی نەهامەتی و قاتڕییەدا، كاتێك بەرانبەر بەم جەلـلادە خوێنمژە بڕیارت دا ڕابوەستی، دڵنیا بووین چۆكت نەلەرزیوە، دڵنیا بووین بەرانبەریان پێلی چاوت نەترووكاندوە بۆیە ئێستاش قامەتت سنەوبەرێكی هەمیشە سەوز و باڵابەرزە بۆ جێژنی پڕ شكۆی ئەم زستانەمان.

# خامنەیی ترساوە

٢٧ی بەفرانبار خامنەیی پێشنوێژی هەینیی تارانی گرتە ئەستۆ تا بەڵكوو بتوانێ ورە وەبەر هێزە بێورەكانی بداتەوە؛ بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانی لایەنگران و گۆپاڵبەدەستەكانی، ڕێبەریی ڕێژیم زۆر لەوە دۆشداماوتر بوو كە بتوانێ ورە ببەخشێ! خامنەیی ترساوە.

ئەوەیكە زۆر بە ڕوونی لە قسەكانی خامنەیی لە ڕۆژی هەینی و پاش ڕووداوە یەك لەدوای یەكەكانی ئەم چەند حەوتووەدا دەركەوت، بریتی بوو لە شڵەژان و ترس و دۆشداماوییەك كە ڕەنگە لە هەموو تەمەنی خۆیدا ئەزموونی نەكردبێت بەڵام نەمانی قاسم سلێمانی و ترس لە بەردەوامیی هێرشی ئامریكا بۆ سەر فەرماندەكانی سوپا و هەروەها بەردەوامیی گوشارە نێونەتەوەییەكان و شكانی هەیمەنەی پووشاڵی ڕێژیمەكەی لە ئاستی ناوچەیی و نێوخۆیی بەشێكی تر بوون لەو هۆكارانەی كە لە نووكی پێ تا تەوقی سەری خامنەییان داپۆشیوە؛ لەمانەش گرینگتر دروشمە دیكتاتۆرڕووخێنەرەكانی خەڵكی سەر شەقام پاش ئاشكرابوونی جینایەتی سپا لەمەڕ كوشتنی ١٧٦ موسافری فڕۆكەی ئۆكراینی، بوون كە عارەقی بە خامنەیی دەردا!

ترسی هەمیشەیی دیكتاتۆرەكان لە ڕووخان كە بە تێپەڕینی كات دەبێتە فوبیایەكی تایبەت هەنووكە لە خامنەیی و دەسەڵاتبەدەستەكانی ڕێژیمەكەیدا دیار و بەرچاوە؛ خامنەییش هاوشێوەی هەموو دیكتاتۆرەكانی تر هیچ كات نەیویستووە و نایهەوێ كە بە بێدەسەڵات و لاواز دەركەوێ بۆیە ڕوونە كە تا دواساتەكانی ژیانی خۆی و دەسەڵاتەكەی خۆی بە «قیم»ی خەڵك دادەنێ؛ بەڵام ئەمجارە بەچاوی خۆی دیتوویەتی كە خەڵك هەم بە لاوازی دەزانن هەم حاشا لە دەسەڵاتەكەی دەكەن و هەم بەرهەڵستی دەبنەوە و نەتەنیا ئامادە نین كە بە «ولی» و «قیم»ی خۆیانی لەقەڵەم بدەن بەڵكوو بە دوژمنی خۆیانی ناو دەبەن.

خامنەیی ئێستە بەڕوونی دەبینێ كە خەڵك چیدیكە لێی ناترسن و بەئاشكرا دێنە سەر شەقام و وێنەی خۆی و قاسم سلێمانییەكەی بێ هیچ سڵكردنەوەیەك دەدڕێن و وێڕای ئاڵا پڕشوورەییەكەی وێنەكانی ئەویش دەسووتێنن؛ بۆیە بەناچاری و تەنیا بۆ ئەوەیكە سپاییە هاوكاسەكانی خۆی لەكیس نەچێت، سپاسی كردن كە توانیویانە سەركەوتووانە فڕۆكەیەكی موسافرهەڵگر لەنێو ببەن.

هەر لەو ئاخاوتنە پڕ لە ترسەیدا سەرجەمی ئەو كەسانەی كە دژی ڕێژیم درووشمیان دا و هەڵوێستیان گرت و «نا»یان وت بە ڕێژیمەكەی بە فریوخواردوو و نائێرانی و دنەدراوی بێگانە ناو برد كە كۆی ئەمانە دەرخەری ئەو ترسە شاراوەیە كە ناوبراو هەیەتی.

# بەنێرەكانی خامنەیی و سلێمانی لە عێراق و لوبنان دەسووتێندرێن

نارەزایەتی دەربڕینەكانی عێراق و لوبنان بەردەوامن و ڕێژەی داخوازییەكانی خەڵكی نارازی لەم وڵاتانە نەتەنیا كەمی نەكردووە بەڵكوو بەردەوام ڕووی لە هەڵكشانە.

شەوی ٢٩ی بەفرانبار بۆ چەندەمین شەوی یەك لەدوای یەك، نارازییان بە دۆخی داسەپاو بەسەر عێراق لە بەغدای پێتەختی ئەم وڵاتە و چەندین شاری گەورە و بچووكی تری ڕژانەوە سەر شەقامەكان و جارێكی تر خوازیاری چاكسازی لە سیستمی سیاسی وڵاتەكەیان بوون.

دوایین ڕاپۆرت و هەواڵەكان باس لەوە دەكەن كە نارازییان جیا لە دەربڕینی ئێعترازی خۆیان، وێنە و بەنێرەكانی خامنەی و سلیمانیشیان سووتاندووە چوونكە هۆكاری بشێوییەكانی وڵاتەكەیان و ناسەقامگیری لەم وڵاتە بۆ دەستێوەردانە بەردەوامەكانی كۆماری ئیسلامی دەگێڕنەوە.

هەروەها لە شەقامەكانی بەیرووتیشدا پۆلیس و خەڵكی نارازی تێكهەڵچوون و هاوشێوەی نەجەف و كەربەلا، خەڵك دژی حیزبوڵای سەر بە كۆماری ئیسلامی وەستانەوە.

ڕێژیمی تاران لە ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام هەوڵی داوە لەڕێگەی گرووپە میلیشیاییەكانی لەوانەش حیزبوڵای لوبنان و حەشدی شەعبییەوە بشێوی بخاتە نێو ئەم وڵاتانە و سەقامگرتوویان لێ بستێنێتەوە تاكوو خۆی بتوانێ باڵ بەسەر هەموو جمگەكانی دەسەڵات لەم وڵاتانەدا بگرێ.

## پەیڤ

# پاسپۆرتی كۆمار

### كەریم پەرویزی

گرانترین و ناخۆشترین پرسیارێك كە لە دەرەوەی وڵات بەرەورووی كوردێكی ئاوارەی هەندەران دەبێتەوە ئەوەیە : خەڵكی كوێی؟ چ میلییەتێكت هەیە؟ جا كوردی پەڕیوەی هەندەران كە لە دەست ئەو هەموو ستەمەی كۆماری ئیسلامی ڕۆیشتۆتە ئورووپا و ئامریكا و پێی وایە كە ئیدی دەگا بە دونیایەكی ئازاد و تێییدا دەحەسێتەوە، لە یەكەم ڕۆژەوە تووشی درزێكی گەورەی دەروونی و ناسنامەیی دەبێ. لە كوێوە هاتووی؟ هەرچی شیكردنەوەی بۆ دەكا و لەسەری زیاتر دەدوێ و دەڵێ كە لە كوردستانەوە هاتووم، كوردم و لە دەستی ستەمی كۆماری ئیسلامی هاتووم بۆ دونیای ئازاد، بەرامبەرەكەی زەحمەت تێدەگا. كەسانێك هەن كە كورد دەناسن و بەتایبەت لەم ساڵانەی ڕابردوودا ناوی كورد زۆر بە فراوانی لە میدیاكانی دەرەوە باس كراوە، بەڵام پرسی سەرەكی شناسنامە یان بە ئینگلیسیەكەی نەشناڵیتییە.

كورد لە ئێرانەوە ڕۆیشتووە و گەر دەڵێ ئێرانیم، وا دەزانن فارسە و گەر دەڵێ كوردم، ئەی لە كام وڵاتەوە هاتووی؟ ئەمە پرسیارێكی گەورەیە كە كورد لە دەرەوەی وڵات تووشی ئەو گرفتە دەكا كە ناسنامەت چیە؟ ئایا ئێرانیت؟ ئەی ئەگەر ئێرانی نیت و كوردستانیت، كوا كوردستان؟

تا كاتێك كە كورد لە نێو جوغرافیای ئێراندایە، بەرەورووی وەها دووگانەیی و شڵەژانێكی ناسنامەیی نابێتەوە چوونكە لە نێو جوغرافیای ئێراندا بەرەوەڕووی وەها پرسیارێك نابێتەوە كە نەشناڵیتی و تابعیەتت چییە. گەر بۆ وێنە لە ناوچە فارس نشینەكان لێی بپرسن كێی و لە كوێوە هاتووی، دەڵێ كوردم و لە كوردستان هاتووم. لە نێو خودی دایرەی جوغرافیای ئێراندا ناسنامەی كوردی و فارسی و توركی و بەلووچ و عەرەب و.. لە بەرامبەر یەكدان و لە تەقابول لەگەڵ یەكدا پێناسەی یەكدیی پێ دەكەن، هەرچەند دەسەڵاتی كۆلۆنیالیستی هەوڵی داوە كە ناسنامەی ئێرانیبوونی ساختە بسەپێنێ و هەموو خۆیان بەو ناسنامەیەوە بناسێنن، بەڵام بۆ سیستمی پاڵەوی- خومەینی نەچۆتە سەر.

٧٤ ساڵ پێش ئێستا، لە كوردستاندا كۆمارێك دامەزرا كە دەسەڵاتێكی نەتەوەیی بوو و لە بەرامبەر هرووژمی ناسنامەی ئێرانیی دەسكرددا كە ڕەزاخان دەیسەپاند، كۆماری كوردستان وەكوو كاردانەوەیەكی سروشتیی نەتەوەیی دژی ڕاوەستا و لەدایكبوونی كۆمار،

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ١٦هەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی بەرپرسی دەورەیی ناوەند، «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»، ١٦هەمین کۆبوونەوەی خۆی بەڕێوە برد. ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٧ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی، شازدەهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەرپرسی دەورەیی ناوەند (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەکە بە بەشداریی لایەنەکانی ئەندامی ناوەند دەستی بە کار کرد و پاشان دەستووری کاری جەلەسەکە لەلایەن «محەممەد نەزیف قادری»، بەرپرسی دەزگای گشتیی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها بەرپرسی دەورەیی ناوەند، خرایە بەر باس و هەر یەک لە بەشداربووان تێبینی و بۆچوونی خۆیان لەسەر خاڵەکانی دەستووری جەلەسەکە بە وردی خستە ڕوو .

بەشێکی دیکەی کاری جەلەسەکە پەیوەندیی بە دۆخی ئێستای ناوچەکە و هەروەها بارودۆخی ئێستای ئێران و هەروەها جەخت کردنەوە لەسەر بایکۆتی «فەعالی» هەڵبژاردنەکانی پارلمانی ئێران بوو و لەو پەیوەندییەدا بڕیاری پێویست دران.

بەهۆی نزیکبوونەوە لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئەندامانی ناوەندی هاوکاری لەسەر پێکهێنانی سێمینارێکی بەرین بە بەشداریی هەموو لایەنەکان و هەروەها ڕاگەیەندنەکان، هاوڕا بوون.

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا چەندین تەوەری دیکەی پەیوەندیدار بە کاروباری ناوەند تاوتوێ کرا و لەو پەیوەندییەدا بڕیاری پێویستیان لەسەر درا.

کۆبوونەوەکە دوای چەند کاتژمێر کاری چڕوپڕ کۆتایی پێهات.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٨ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٨ی ژانویەی ٢٠٢٠ی زایینی**

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر کارەساتی لافاوی بەلووچستان

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**Cooperation Center of Iranian Kurdistan’s Political Parties.**
**مرکز همکاری احزاب کردستان ایران**

هاونیشتمانانی خۆشەویست!
کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!
خەڵکی مرۆڤدۆستی کوردستان!

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەپۆلی باران بارین لە ئێران و بە تایبەتی لە پارێزگای بەلووچستان کە لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ٢٠ی بەفرانبارەوە دەستی پێکردبوو، بوو بەهۆی لافاوێکی کاولکەر کە لە ماوەیەکی کورتدا چەندین شار و شارۆچکەی ئەو پارێزگایەی گرتەوە و وێرانییەکی یەکجار بەربڵاوی بە دوای خۆیدا هێنا.

بەهۆی ئەو لافاوە بەشێکی زۆر لە خەڵک کە لەنێو خانووە قوڕی و خشتییەکان و لەژێر گوشاری هەژاری و ستەمی چەندقات و چەوسانەوەی سیستماتیک و ئامانجداردا دەژیان، بە تەواوی ماڵ و حاڵیان خاپوور و شپرزە بووە، چەندین کەس گیانیان لەدەست داوە و بەهۆی سەرڕێژبوونی ئاوی بەنداوەکان، سەدان گوند کەوتوونەتە ژێر ئاو و چۆڵ کراون. ئەوە چەند ڕۆژە کە لافاولێدراوان لە گەمارۆی لافاو و سەرما و برسێتیدا چاوەڕێی گەیشتنی خێرا و بەپەلەی یارمەتیی مرۆیین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەنێو کاربەدەستانی ڕێژیمدا هیچ جۆرە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییەک نابینرێت و تەنانەت لە ڕووی ڕووماڵکردنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی ئامارەکانی ئەو کارەساتە مرۆیی و ژینگەییەشەوە سیاسەتی بایکۆتی خەبەری و پەراوێزخستن و حاشالێکردن و شاردنەوەی ڕاستییەکان لەو هەرێمە بەڵالێدراوەدا هەروا درێژەی هەیە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆی بۆ کەسوکاری قوربانییانی ئەو کارەساتە، داوا لە خەڵکی ئێران دەکات بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێت، یارمەتییە مرۆییەکانی خۆیان بگەیەننە خەڵکی بەشمەینەتی ناوچە لافاولێدراوەکان و ڕێگە نەدەن خەڵکی بێدەرەتانی ئەو دەڤەرە پەراوێزخراوە لەوە زیاتر ببنە قوربانیی کەمتەرخەمیی کاربەدەستان و سیاسەتە دژەمرۆییەکانی ڕێژیم.

هەروەها داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە خێرخوازی و مرۆڤدۆستەکان دەکەین فریای خەڵکی ناوچە لافاولێدراوەکانی بەلووچستان بکەون و بە گەیاندنی یارمەتیی خێرا و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بەو خەڵکە بەشمەینەتە، ڕێگا لە ڕوودانی کارەساتێکی مرۆیی گەورەتر بگرن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**١٤ی ژانویەی ٢٠٢٠ی زایینی**

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەمەڕ خستنەخوارەوەی فڕۆکەی نەفەرهەڵگری ئۆکراینی لە لایەن ڕێژیمەوە

هاونیشتمانیانی بەڕێز!
خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!
کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

هەر وەک ئاگادارن لە ڕێکەوتی چوارشەممە ١٨ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی، فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری بۆیینگی ٧٣٧ی ئۆکراینی کە بە ١٧٦ سەرنشینەوە، کە دەیان نوخبەی تێدا بوو و ١٢ لەوانە کورد بوون و لە تاران بەرەو «کی یێف» پێتەختی وڵاتی ئۆکراین هەڵفڕیبوو، لە نێوان شەهریار و پەرەند چەند خولەک دوای هەڵفڕین کرایە ئامانجی مووشەکی سپای تێرۆریستی پاسداران و هەموو سەرنشینەکانی بوون بە قوربانیی ئەو کارەساتە مرۆییە.

پاش سێ ڕۆژ نکۆڵیکردن لە ڕاستییەکان لە لایەن کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمەوە لە ژێر گوشاری نێودەوڵەتیدا، ڕۆژی شەممە ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ١١ی ژانویەی ٢٠٢٠، بە هۆی ئەوەیکە بەڵگەی ئاشکرا بۆ سەلماندنی ئەو تاوانە گەورەیە لەبەردەستدا بوون و ڕێژیم نەیدەتوانی لەوە زیاتر دەستی خۆی لە تاوانەکەدا بشارێتەوە، ستادی هاوبەشی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم ڕایگەیاند کە فڕۆکەکە لە لایەن پەدافەندی هەوایی سپای پاسدارانەوە بە هۆی هەڵەی ئینسانییەوە کراوەتە ئامانج و خراوەتە خوارەوە.

دوابەدوای دانپێدانانی ڕێژیم بەو تاوانە گەورەیەدا پاش سێ ڕۆژ درۆ و چەواشەکاریی ڕێبەرانی ڕێژیم، شەپۆلێکی ڕق و تووڕەیی خەڵک لە زانکۆکانی تارانەوە دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کورتدا شارەکانی دیکەی گرتەوە و خەڵکی وەزاڵەهاتوو بەو خۆپیشاندانەوە پەیوەست بوون.

لەو خۆپیشاندانانەدا دروشمەکانی خەڵک زیاتر لە جاران دەریخست کە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی ڕەوایی خۆی لە نێو خەڵکدا لە دەست داوە و نەمان و ڕووخانی ڕێژیم ئێستا ئیتر بووەتە ویستی زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵک.

دروشمەکانی وەک «مرگ بر اصل ولایت فقیه»، «دیکتاتور سپاهی، داعش ما شمایی»، «جمهوری اسلامی نابود باید گردد» و ... دەری دەخەن کە خەڵکی ئێران دوژمنی ڕاستەقینەی خۆیان بە تەواوی ناسیوە و ئەوەش کە ڕێژیم خۆی بە پارێزەری ئەمنییەتی ئەوان دەناساند، لە نێو خەڵکدا هیچ ڕەواییەکی نەماوە. لە خۆپیشاندانەکانی ئەم جارەدا دیسان خەڵکی ڕاپەڕیو بە دڕاندنی وێنەی ڕێبەرانی ڕێژیم و بەتایبەتی قاسم سلێمانی، تێرۆریستی ناسراوی ڕێژیم، وەڵامێکی گونجاو و شۆڕشگێڕانەیان بە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ نیشاندانی پێگەی جەماوەریی خۆی لە شانۆگەریی بە خاکسپاردنی ئەو تاوانبارەدا دایەوە وهەموو پیلانە پرتێچووەکانی ڕێژیمیان لەو پێوەندییەدا پووچەڵ کردەوە.

ناوندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای ڕاگەیاندنی بەداخبوونی خۆی لەو تاوانە قیزەونەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیان و هەموو خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان دەکات و خۆی بە بەشداری خەمیان دەزانێت.

هەروەها پاڵپشتیی خۆمان بۆ نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی ڕاپەڕیوی وڵاتەکەمان ڕادەگەیەنین و داوا لە هەمووان دەکەین بە گرتنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و ئینسانی، هاوهەڵوێستیی خۆیان لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیو و پشتیوانیی خۆیان لە داوا ڕەواکانیان دەرببڕن و تا بەچۆکداهێنان و ڕووخانی یەکجاریی ئەو ڕێژیمە مرۆڤکوژ و سەدە ناوەڕاستییە دەست لە خەبات و تێکۆشان و گیانبازی هەڵنەگرن.

هەروەها داوا لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان دەکەین بەهێنانی گوشار بۆ سەر ڕێژیم و و پشتیوانی لە داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران، یارمەتیدەری سەرکەوتن بە سەر ئەو ڕێژیمە تاوانکارە تێرۆریستییەدا بن و و ڕێگە نەدەن ڕێژیم بۆ جارێکی دیکە و هاوشێوەی ڕاپەڕینەکانی مانگی خەزەڵوەر، لە بێدەنگیی کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بە وەڕێخستنی کۆمەڵکوژی، خۆپیشاندانی نارەزایی خەڵک سەرکوت بکات.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٢ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**١٢ی ژانویەی ٢٠٢٠ی زایینی**

# ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات شانۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمیان بایکۆت کرد

ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات بەنیسبەت شانۆی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا کۆ بووەوە و ئەو هەڵبژاردنانەی بایکۆت کرد.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ئێران

لاوانی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری کوردستان!

کۆمەڵانی ئازادیخوازی کوردستان!

وەک ئاشکرایە، دەسەڵاتی خوێنڕێژی ڕێژیمی ئیسلامی بڕیاری بەڕێوەبردنی شانۆی هەڵبژاردنی مەجلیسی لە ٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی، بە مەبەستی ڕەواییدان و بەردەوامی لە سەرکوت و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و جێبەجێکردنی مەرامە دژە ئینسانییەکانی بەرامبەر بە خەڵکی ستەملێکراوی ئێران و کوردستانی داوە.

دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تۆتالیتێری ڕێژیمی ئیسلامی بە بەستنی شانۆی هەڵبژاردنەکان لە وەها کاتێکدا زۆر بێشەرمانە بێڕێزی بە خوێنی شەهیدانی خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵی کوردستان و ئێران دەکەن کە بە تەقەی ڕاستەوخۆ لەسەر شەقامەکان و لە ژووره تاکە کەسییەکان لەژێر ئەشکەنجەی جەلادەکانی ئەم ڕێژیمە گیانیان لەدەست داوە و پاش چەندین ڕۆژ تەرمەکانیان لە ڕووبار و بەنداوەکان دۆزرانەوە.

بێگومان دەسەڵاتداران لە ئێران، بۆ شاردنەوەی کردەوە قێزەونەکانیان، لەبەر چاوی ڕای گشتیی جیهانی و بۆ مانەوەی حوکمی لەرزۆکیان ڕێکاری زۆر هەڵخەڵەتێنەر و گوشاری جۆراوجۆر بە کار دەهێنن تا شانۆی هەڵبژاردن بەڕێوە ببەن.

لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان!

هەروەک ئاگادارن ڕێژیم لە دۆخێکدا ئەم شانۆگەرییە بەڕێوە دەبات کە هەوڵی دا هەلی کوژرانی گەورە تێرۆریستی خاوەرمیانە «قاسم سلێمانی» و هێرشی کوێری مووشەکی بۆ سەر هێزەکانی ئامریکا لە عێراق بۆ گەرم ڕاگرتنی کورەی هەڵبژاردنەکان بەکار بێنێت. بەڵام «فۆبیا»ی پەرچەکرداری هێزەکانی ئامریکا و ترسی «هیستریک»ـی سپای پاسداران، بوو بە هۆکاری هێرشی مووشەکی بۆ سەر فڕۆکەیەکی مەدەنی لەلایەن سپا کە ئەویش قوربانی بوونی ١٧٦ کەسی بێتاوانی لێکەوتەوە.

لاوانی تێکۆشەر و خوێندکارانی دەروەست!

دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران و کوردستان لە سایەی ڕێژیمی ئیسلامی و ماجەراجوویییەکانی سپای پاسداران ئەستەمترین قۆناغی بۆ ژنان و لاوان پێک هێناوە، ژنان لە ئازادییە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەشن و لاوان و خوێندکارانیش بەهۆی ئەو دۆخە سەختەوە یان پەڕیوەی دەرەوەی وڵات بوون یان ڕوویان لە دیاردە سەخت و تاقەت پرووکێنی وەکوو کۆڵبەری کردووە کە لەوێش بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم شەهید دەبن. بەو بەرچاو ڕوونییانەی کە هەموومان هەمانە، هەنووکە ڕێژیم دەیەوێت بە کەڵکوەرگرتن لە دەستوپەیوەندییەکانی خۆیان لە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە، مەبەستیانە وا نیشان بدەن کە هەڵبژاردنەکانیان مەشروعن و بە بەشداری و دەنگی هاوڵاتییانی کوردستان و ئێران بەڕێوە چووە، هەر لەبەر سەرنەگرتنی ئەو پیلانەی دەسەڵات، پێویستە لاوانی کوردستان بەتایبەت و خەڵکی کوردستان بەگشتی، پیلان و پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەقاو بدەن و ڕێگە نەدەن بە بەکارهێنانی ئەو کەسانە بازاڕگەرمی بۆ شانۆی هەڵبژاردن بکەن و تەمەنی دیکتاتۆری لە ئێران درێژتر بێتەوە.

گرینگە کە لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، جەماوەر زیاتر لە مەترسییەکانی بەشداریکردن لە شانۆی هەڵبژاردنەکان ئاگادار بکەنەوە و هەوڵی جیددی و کاریگەر بدەن کە لە هەڵبژاردندا بەشداری نەکەن و نەبنە کەرەستەیەک بۆ ڕەواییدان بە سەرکوت و ئەشکەنجە و ئێعدام و هیواداریـن کە خەڵکی کوردستان وەک هەمیشە، وشیارانە بەرهەڵستی پیلانەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بن لە هەموو قۆناغێکدا و ئێمەش وەکوو لاوانی ڕۆژهەڵات لەنێو شۆڕشدا بایکۆتی ئەم سێناریۆیەی دەسەڵاتدارانی تاران دەکەین و بە دوور لە بنەماکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتی دەزانین.

**لێژنەی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات**
**٢٦ بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**١٦ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی**

# ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندان، ٧٤ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەرەوپیریی ئەو ڕۆژەوە دەچن و ڕێز لەم ڕۆژە پیرۆزە دەگرن. ڕۆژی دووشەممە، ٢٣ی بەفرانبار قارەمانانی دێموکرات لە سنە، لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت لەنێو سنەدا، بەرەوپیریی ئەم ڕۆژەوە چوون. لە حاڵێکدا کە نێو شاری سنە لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە میلیتاریزە کراوە و کەشێکی ئەمنی بەسەر ئەو شارەدا زاڵە، تێکۆشەرانی دێموکرات بوێرانە چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە دەبەن و ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەرز ڕادەگرن.

ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٥ی بەفرانبار، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ئیسفەهان، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی، ڕێزیان لە ٢ی ڕێبەندان گرت. ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکانی «سەقز و مەریوان»، بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی، یادی ٢ی ڕێبەندان، ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٦ی بەفرانبار، تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی «وزمەڵێ»، سەر بە ناوچەی سەرشیوی سەقز، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بەرزاییەکانی ئەو گوندە، یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت. هەروەها چاونەترسانی دێموکرات لە «مەریوان» و لە شارەدێی «نێ»، ساڵڕۆژی دامەزراندی کۆماری کوردستانیان بە ئەنجامدانی چالاکییەکی بەرینی تەبلیغی، پیرۆز کرد. لەو چالاکییەدا بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بەو ڕۆژە لە شوێنە گشتییەکاندا، پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نوێ کردەوە.

تراکت و پووستێرەکانی ئەو چالاکییە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شوێنەکانی: «کەمەربەندیی ١، کۆڵانی مزگەوتی نەبی، کۆڵانی بەهاری شەبڕەنگ، کۆڵانی مزگەوتی هەژارە، دەوروبەری بانکی قەرزولحەسەنەی ڕەسالەت»، بڵاو کرایەوە. هەروەها ئەمەگدارانی دێموکرات لە گوندی «وەیسە»، لە بنار کێوی «سوورێن»، دروشمی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندانیان لەسەر دیوارەکانی ئەو گوندە نووسییەوە.

وەفادارانی دێموکرات هەر لە چوارچێوەی ئەو چالاکییانەدا، بە چوونە سەر مەزاری دوو ئەندامی حیزب بە ناوەکانی «باست بەرداره و هیوا نیک پەی» و بە بڵاوکردنەوەی سروود، ڕێزیان لە ڕێبازی هاوخەباتانیان گرت.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ٢٧ی بەفرانبار، ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بۆکان لە چالاکییەکی بەرینی تەبلیغیدا، هەزار دانە تراکت و پووستێر و بەستە نوقڵیان لەنێو ماڵاندا دابەش کرد.

نیشتمانپەروەران لە شوێنەکانی: «کەرێزەی میراوا، قوتابخانەی مستەفا نەجاریی میراوا، مزگەوتی قودسی میراوا، مزگەوتی محەممەد ڕەسووڵ تەنیشت فەرمانداری، تاقیگای بیمارستانی کۆن، مزگەوتی حاجی حەسەن ئیفتخاری، کووی موهەندسین، پردی کۆبانی، تالاری ڕۆژ، جادەی کۆسە، تالاری ڕازاوە و مزگەوتی گوندی کەرێزە» ئەو چالاکییانەیان بەڕێوە برد.

هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە مەهاباد، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بەو ڕۆژە، ڕێزیان لەو یادە گرت.

ئەو شوێنانەی چالاکیی لێ ئەنجام درابوون بریتی بوون لە: «ترمیناڵی گەورە، بازاڕچەی ئەسغەری، شارەکی کارمەندان، زەوینەکانی شارەداری، فەلەکەی خولەفای ڕاشدین، شەقامی سەرداران واتە شەقامی مەزارگەی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی، فەلەکەی فەلستین، قوتابخانەی ڕازی، قوتابخانەی شایەگان، گەڕەکی وەفایی، بوداق سوڵتان، قوتابخانەی سەفا، خانە بێهداشتی پشت تەپ و سێڕای شیلانان». هەروەها شەوی هەینی ٢٧ی بەفرانبار، وەفادارانی دێموکرات لە پیرانشار، یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستانیان پیرۆز کرد. ئەندامانی حیزب لە پیرانشار بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بەو ڕۆژە، لە شوێنەکانی: «شەقامی مەنگوڕ، شەقامی پیران، جادەی سەردەشت، مزگەوتی حەزرەتی عومەر، مزگەوتی شیناوێ، قەڵای شیناوێ و گەڕەکی مام خەلیل»، چالاکییان بەڕێوە برد و بە پیریی ٢ی ڕێبەندانەوە چوون.

لە شارەکانی کوردستان و ئێراندا، پێشمەرگەکانی شار لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە حیزبی دێموکرات، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی، وەفاداریی خۆیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ دەکەنەوە.

## دریژەی پەیڤ

پێویستییەکی مێژوویی- ناسنامەیی بوو کە تاکی کوردی کرد بە خاوەن ناسنامە (هویت)یەکی جیاواز لە هویەتی پاڵەوی پەسەند!

ئەو دەسەڵاتە نەتەوەیی خۆماڵییە لە مەهابادی پێتەختی کۆمار دامەزرا، جیا لە هەموو پێوەر و کارەکانی دیکەی، لە مێشك و هزری تاکی کورددا پێناسەیەکی نوێی دروست کرد کە لە جیهانی مودێڕندا سەرلێشێواو نەبێ و لە پەرتەوازەیی و ئاڵۆزی دەربازی ببێ.

کۆماری کوردستان کە لە ڕێبەندانی ١٣٢٤ بە دەستی حیزبی دێموکرات و بە ڕێبەریی پێشەوا دامەزرا، وڵامێکی مۆدێڕن بۆ پرسێکی مۆدێڕن بوو کە لە تۆفانە سەختەکانی ئاڵۆزیی فکر و شوناسدا، کوردستان خاوەنی «ئایدی» و «ئایدیای» تایبەتی خۆی بێ.

دوای چەندین دەیە لە تێپەڕین بە سەر رووخانی فیزیکیی کۆماردا، کۆمار لە زێهن و بڕوای کوردستانیاندا زیندووە و هێمایە و ناسنامە. پێم وایە کە هەر تاکێکی کوردستان دەبێ لانیکەم لە روئیا و بڕواکانی خۆیدا، پاسپۆرتێکی کۆماری کوردستانی لە گیرفاندا بێ کە لە هەر کات و شوێنێك و لە هەر دۆخێکی تایبەتیدا وەڵامدەری زۆر پرسیار و زۆر قەیرانی ناسنامەیی و فیکریی دەبێ. ئەو پاسپۆرتەی کۆمار لە گیرفاناندا، هەم نەشناڵیتیمان دیاری دەکا و هەم وەکوو سەردەمی کۆمار وەڵامێکی مۆدێڕن بە پرسە ئاڵۆزە مۆدێرنیتەییەکانمان دەبێ.

# سەرەخۆشیی دەزگای ڕێکخستنی گشتی لە خەڵکی سەردەشت



دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامێکی سەرەخۆشیی بەبۆنەی کۆچی دوایی «دوکتور جەلال حاجی زادە»، کەسایەتیی ئاکادێمیکی سەردەشتی، ڕوو لە خەڵکی ئەو شارە بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

خەڵکی نیشتمانپەروەری سەردەشت!

ڕووناکبیرانی خەباتکار و ئۆگرانی زانست و پێشکەوتن!

بنەماڵەی خەمباری مامۆستا جەلال حاجیزادە (ڕامان)!

لەدەستدانی ناوادەی مامۆستای خەباتکار، «دوکتور جەلال حاجی زادە» خەسارێکی گەورە بوو کە وە کۆڕ و کۆمەڵگای تێکۆشەرانی خولیای خزمەت بە گەل و نیشتمانە چەوساوەکەمان کەوتووە.

«دوکتور جەلال حاجی زادە»، کەسایەتییەکی نیشتمانیی ناسراو، خۆشناو و بیرمەندی گەلەکەمان بوو کە فیداکارانە و خۆنەویستانە بەشی هەرە زۆری ژیان و توانای، تەرخانی خزمەت بە گەل و وڵاتەکەی کردبوو و لە بەر هۆکارێکی گوماناوی، لە هەڕەتی گوڕ و توانای خزمەتیدا لەدەستمان چوو.

ئێمە وێڕای بەداخبوونمان لە خەساری لەدەستچوونی مامۆستا «جەلال حاجی زادە»، سەرەخۆشی لە خەڵکی شاری سەردەشت، ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی ڕێگای پێگەیاندنی لاوانی نیشتمانەکەمان بەگشتی و بنەماڵەی بەڕێزی دوکتور «جەلال حاجی زادە» دەکەین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**

# کۆمار سەرچاوەی ئیلهام بۆ ڕاسان



**شەماڵ تەرغیبی**

ڕەنگە بۆ هەندێ کەس جێگەی پرسیار و تێڕامان بێت کە بۆچی دەوترێ ئارمانجەکانی ڕاسان سەرچاوەگرتوو لە خەونەکانی کۆمار و دامەزرێنەرانی کۆمارە؟ یان بەواتایەکی تر چ پێوەندییەک هەیە لە نێوان بزاڤی ئازادیخوازی سەردەمی کۆمار و خەباتی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات واتە ڕاسان؟ ئاڵقەی پێوەندی نێوان ئەم دوو قۆناغە لە خەباتی گەلی کورد چین؟
ڕەنگە وڵامدانەوە بە وەها پرسیارێک لە یەک ڕستەدا ئەوە بێت کە ڕاسان لەژێر تیرێژی کاروکردەوە و سیاسەتەکانی کۆماری کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە کە ڕاستەوخۆ بوونەتە چرای ڕووناکیدەری خەباتی هەنووکەی هەمان حیزب کە کۆماری دامەزراند.

**بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر پێویستە سەرەتا پێناسەیەکی گشتیمان بۆ ڕاسان و کۆمار هەبێت:**

لەڕاستیدا ڕاسان نازناوی کۆمەڵەکردارێکی سیاسی – سەربازییە کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەک میراتگری کۆمار هاتووەتە ئاراوە و لە سەر چەند بنەمای سەرەکی دارێژراوە.
ئەوەیکە ڕوونە بناغە سەرەکییەکانی ڕاسان بریتین لە شار و شاخ بەو واتایە کە بەشداری خەڵک و کۆمەڵگای کوردستان هاوشێوەی سەردەمی کۆمار و هەروەها پشتگیری و ڕێنیشاندان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خەبات پێکەوە دەبنە دوو باڵی مەلێک کە بۆ ئازادی تێدەکۆشێ.
کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەیکە وێستگەیەکی گرینگی مێژوویی بوو بۆ کوردان، لە هەمان کاتیشدا توانی مانا بە بوونی گەلێک ببەخشێ و لەخۆنامۆیی و متمانەبەخۆنەکردن لە زەینی تاکی کورددا بسڕێتەوە؛ ئەمە ئەو خاڵە گرینگ و هەستیارە سایکۆلۆژی، سیاسی و مێژووییەیە کە هەنووکەش بەپشتبەستن پێی ئێمە توانیومانە بوونی خۆمان سەرباری هەمو کەندوکۆسپەکان بپارێزین.
کاتێک ئاوڕ لە زەمەن و سەردەمی دامەزراندنی کۆمار دەدرێتەوە، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی ئەودەم مۆدێڕنبوون لە چوارچێوەی لابردنی چارشێو و سەرپۆش و بەزۆر لەسەرکردنی شەبکە و کڵاوی فەرەنگیدا دەبینێتەوە، کۆماری کوردستان و دامەزرێنەرەکەی واتە شەخسی پێشەوا و حیزبی دێموکرات ڕێکخراوی تایبەت بە مافی ژنان و بۆ پێگەیاندن و تێگەیاندنیان دادەمەزرێنێ و بڕیار بۆ بەخوێندەوارکردنی زۆرەملێی لاوان و منداڵانی کوردستان دەدات!
ئەمە نموونەیەکی بەرچاوی خەباتکارییەکە لەپێناو یەکسانی هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی کە دوژمنانی کۆمار چەندین ساڵ دواتر درکیان پێکرد.
لەم بڕگە مێژووییەدا، کە پرۆژەی مودێرنیزاسیۆنی «ئێران» دەست پێدەکات کە پشت ئەستوورە بە دەسەڵاتی بەهێزی سانترالیزە بۆ دەسخستن، ڕاگرتن و بەهێزکردنی «دەوڵەت نەتەوەیەک»ی یەک ناسنامەیی و یەک نەتەوە مێژوو دەنووسێتەوە، زمانی «نەتەوەیی» دادەڕێژێ و ناسنامەی تاکی ئێرانی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی مێژوویی و کەونگەرایانە هەڵدەچنێ، کۆماری کوردستان باس لە مافی ئێتنیکی و کەمینەکانی جوغرافیای کوردستان بۆ ژیانێکی ئارەزوومەندانە دەکات و ڕێگە دەدات کە ڕووناکبیری گەشە بکات.
کۆماری کوردستان توانی ناسنامە بە گەلی کورد ببەخشێ و بیکاتە خاوەن شکۆیەکی لەشکاننەهاتوو.
شکۆیەک کە وەک قەڵایەکی لەگیراننەهاتوو بە دەوری ژیار و شارستانییەتی کورددا کێشراوە و دژبەر و دوژمنانی هەرچەند پەلەقاژە دەکەن کە سووکی بکەن خۆیان سووکتر دەبن!
لە هەمان کاتیشدا ناسنامەیەک کە ناسنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە کە جیاوازە لە ڕەوتی مێژووی سەرەڕۆیی و دڕندەیی لە ناوچەکەدا و کورد و کوردستان دەکا بە گەوهەری درەوشاوەی مێژووی دوور و نزیک.
هەر ئەمەشە کە کۆمار لە بیر و هزری تاکەکانی نیشتمانی کوردانـدا پتەوتر و قایمتر دەبێ و بەشکۆتر لە جاران دەردەکەوێتەوە و پێمان دەڵێ کە «ڕچەشکێنبوون» خەسڵەتی هەرە دیارییەتی؛
ئەمانە بەشێکن لەو ڕۆحە ئازاد و سەربەستە کە لە کۆماردا دەرکەوتن و لە ژیانی سیاسی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتدا بە شێوازی جۆراوجۆر پەرەیان سەند و بەردەوام لە بڕگە جۆراوجۆرە مێژووییەکاندا لەدایک بوونەتەوە و ڕۆحی گۆڕانکاری و نوێبوونەوەیان بە زیندوویەتی ڕاگرتووە، هەر بۆیە کاتێک لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی حیزبی دێموکرات پێوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی توودە دەپچڕێنێ، سوسیالیزمی دێموکراتیک بەپێچەوانەی سوسیالیزمی باو پەسند دەکا، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ پێکدێنێ، پێکهاتەیەکی نزیک بە ٥٠ ساڵەی دەگۆڕێ، هەوڵ بۆ یەکخستنی هێزی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەدات، «سیاسەتی سەربەخۆ» دەبێتە سیاسەتی هەمیشەیی، کاتێک دەرفەت بۆ کەسانی غەیرەحیزبی نیشتمانپەروەر بە مەبەستی خزمەتکردن دەڕەخسێنێ و چەندین نموونەی دیکە کە هەموویان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ڕچەشکێنی و ڕۆحی ئازادی کۆمار بوونەتە ناسنامە و بە شادەمارەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا لە گەڕاندان.
تایبەتمەندیگەلێک کە هەنووکە و لە پاش ٧٤ ساڵ خەباتی بێوچان نەتەنیا نەفەوتاون بەڵکوو بەرۆژ بوونەتەوە و ئەمڕۆکە ئێمە لە هەیکەلی «ڕاسان»دا بە زەقی دەیبینین؛ بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەم باسە، لێرەدا چەند نموونە دەهێنینەوە:
ڕاسان لە پێناسەی گشتی خۆیدا باس لەوە دەکات کە کورد نەتەوەیەکی جیا لە گەلانی دیکەی ناوچە و خاوەن شوناس و تایبەتمەندی کەسێتی خۆیەتی؛ ئەمە دۆکتۆرینێکی نامۆ نییە بەڵکوو ڕەگی لە فەلسەفەی هزریی کۆماردا داکوتاوە و بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر نووسراوە بەجێماوەکان لە کۆمار و وتارە ڕەسمییەکانی حکوومەتی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان ئەم ڕاستییەمان بە تەواوی بۆ دەردەکەوێ.
لێرەدا جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ بەشێک لە نوتقی جەنابی پێشەوا قازی محەممەد لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی واتە کاتی دامەزراندنی کۆمار کە دەفەرمێ: «کوردستان مەوقعییەتی جوغرافیاییەکی مەخسووسی هەیە کە بێ پسانەوە و بێ ئەوەی نەتەوە و میللەتێکی کە لە نێویاندا فاسڵ و لێکیان بپچڕێتەوە، کورد بە سەر یەکەوە و پێکەوە سکوونەتیان تێیدا هەیە و دارای مالکییەتی میللین دەوێدا.
بەسەرهات و سەوابقی تاریخییان یەکە و عموومەن تێیدا شەریکن.
خاوەنی ئاداب و عادات و ڕسوومی ملییەکی وان کە هیچ جۆرە سەدەمە و حەوادسێک نەیتوانیوە سستییەک لە بناغەی ملییەتی ئەواندا پەیدا بکات.»
ئەم گوتارە بەپێزە، بەچاوخشاندنێک بەسەر گوتاری ڕەسمی هەنووکەی حیزبی دێموکرات و لە چوارچێوەی خەباتی ڕاساندا جارێکی تر بەدیار دەکەوێ؛ بەو واتایە کە ئێستەش ڕاسانی خۆرهەڵات باوەڕی وایە کە کوردستان نیشتمانێکی پڕ پیتە کە بەهۆی ستراتیژیک بوونی هەڵکەوتە جوغرافیاییەکەی بەردەوام کراوەتە ئامانجی دوژمنانی بەڵام بەو حاڵەشەوە دانیشتوانەکەی کوردانی ڕەسەنن کە هەڵگری دابونەریتی مێژووین و هیچ پیلانگێڕییەک نەیتوانیوە شوناسی ڕاستەقینەیان خەوشدار بکات.
ڕەهەندێکی گرینگی دیکەی ئەم باسە ئەو لایەنەیە کە ئەگەر بە دەسپێشخەری حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٢٤دا کۆماری کوردستان لە دڵی وەرزی سەرمادا دامەزرا و هیوا بۆ گەشانەوەی بە گەلە مافپێشێلکراوەکەی دا و حکومەتێکی وەهای بنیات نا کە پاش ٧٤ ساڵ هێشتا بە فەخر و شانازییەوە باسی لێوە دەکرێ، ئەوا ڕاسانیش لە لووتکەی بێهیواییدا چرۆی کرد و بە هاتنی خۆی سەرمای زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ڕەواندەوە و بەستەڵەکی هزری تواندەوە و تۆوی هیوا بەدوارۆژی گەشی چاند؛ هەر بۆیە ئەمڕۆ پاش زیاتر لە سێ ساڵ لە دەسپێکی خۆی کورد لە خورهەڵات بە چاوی هیواوە لێی دەڕوانێ.
ڕاسان توانی لە ماوەیەکی کورتی زەمەنیدا بەڵام بە تێچوویەکی قورس، پیلانی داماڵینی شوناسی نەتەوەیی لە نێو بەرداشی بەرەی ئیسلاحخواز و پاوانخواز هەڵوەشێنێتەوە و هاوشێوەی کۆمار، متمانەبەخۆیی بگەڕێنێتەوە بۆ گەلەکەی و لەخۆنامۆیی بکاتە دەستەچیلەی ئاگری شۆڕش و بەرخودان.
بەم چەشنەش جارێکی تر کەرامەت و کەسایەتی بۆ گەل گەڕایەوە هاوشێوەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی!
ڕەنگە ئەگەر بمانهەوێ خاڵە وێکچووەکانی کۆمار و ڕاسان هەڵسەنگێنین، زۆر ڕەهەندی جیاواز و جۆراوجۆر لەخۆ بگرێ بەڵام لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر و سەلماندنی ئەو وتەیە کە «کۆمار سەرچاوەی ئیلهامە بۆ ڕاسان» کورتەئاماژەیەک بە بەشێک لە نوتقی جەنابی پێشەوا پاش گەڕانەوەی لە تەورێز دەکەین کە لە ژمارە ٤٧ی ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی فەرمی حیزبی دێموکراتدا چاپ کراوە؛
«دوژمنانی کورد وایان شۆرەت دەدا کە دەوڵەتی کوردستان ئەساسێکی نییە و بە ڕۆیینی هێزی سوور تێک دەچێ.
درۆ بوونی ئەو ئیدیدعایە زوو هاتە جێ و کورد ئیمتحانی خۆی دا.
دەو چەند ڕۆژانەدا کە ئوردووی سوور خاکی ئێرانی چۆڵ کرد، سەد هێندی جاران کورد وە جۆشش کەوتووە و هەزارەها کەس لەخۆبوردووانە لە سنووری کوردستاندا ئامادەن تا ئاخرین تنۆکی خوێنیان لە ڕێی کوردستاندا بڕێژن.»
ئێستە پاش زیاتر لە حەوت دەیە لە دامەزرانی کۆمار سەیری لێدوان و دەربڕینی دوژمنانی کورد لە خۆرهەڵات دەکەیت هەمان سیناریۆ و لە قاڵبێکی تردا دەردەکەوێت؛ پاش ڕاگەیاندنی ڕاسان دوژمنان و نەیارانی حیزب و گەل هەمان تۆمەتیان بۆ ڕاسان دەهێنایە گۆ کە گوایە بە دنەی وڵاتانی ئیسرائیل و عەرەبستان چێ بووە و دەوام ناهێنێ و پاش ماوەیەکی کەم کۆتایی بە تەمەنی دێت؛ بەڵام هاوشێوەی وتەکانی پێشەوای مەزنیش لەو وتارەدا، ئێستەش دەبینین کە بە نەمانی کەفوکوڵەکان دەرکەوتووە کە ڕاسان نەتەنیا گرێدراو بە لایەنێکی تر نییە بەڵکوو بەرهەمی بیرێکی خۆماڵییە و هاتنی بەلێشاو و سەدان کەسی لاوان بۆ ڕیزەکانی شۆڕش و بەرخودان و هەروەها تۆکمەتربوونی سەنگەرەکانی شار سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

## کۆبەند

بەگشتی و وەک دواوتە ئەوەندە بەسە کە بڵێین کۆمار هەم لە کاتی ژیانیدا و هەم پاش هەرەسهێنانی بەشێوەیەکی بەرچاو و بێوێنە باندۆڕی لەسەر نەتەوەی کورد دانا و میراتێکی وەها دەوڵەمەندی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ ڕۆڵەکانی کوردستان بە چاوی ڕێزەوە لە کردار و دەسکەوتەکانی دەڕوانن.
بە درێژایی مێژووی پڕ کەندولەندی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، دوژمنان هەموو هەوڵیان سڕینەوە، نکۆڵیکردن و سەرکوتی ئەم گەلە بووە و هەیە و بەردەوام بۆ مانەوەی خۆیان ناچار بوون هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانەوەی سیاسەتە کۆلۆنیالییەکانیان بدەن.
هەنووکەش کە بزووتنەوەی کوردستان لە سێبەری قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگە و قوربانیدانی خەڵک توانیویەتی بوونی خۆی بە دنیا بسەلمێنێ، دیسانەوە بە شێوازی نوێ لە هەوڵدایە تاکوو گەل لە ڕێڕەوی سەرەکیی خۆی بە لاڕێدا ببات؛ بەڵام خۆی لە خۆیدا بوون و بەردەوامی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان دەیسەلمێنێ کە ستەمی نەتەوەیی بوونی هەیە و ئەم گەلە هەر لە کۆمارەوە تا ئێستە بڕیاری داوە کە تا بنبڕکردنی ئەم ستەمە بەردەوام دەبێت لە خەبات و وەک وتراوە: ڕاسان دژ بە تاریکی و تا لووتکە بەردەوامە.

**کۆمار هەم لە کاتی ژیانیدا و هەم پاش هەرەسهێنانی بەشێوەیەکی بەرچاو و بێوێنە باندۆڕی لەسەر نەتەوەی کورد دانا و میراتێکی وەها دەوڵەمەندی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ ڕۆڵەکانی کوردستان بە چاوی ڕێزەوە لە کردار و دەسکەوتەکانی دەڕوانن.**

**بوون و بەردەوامی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان دەیسەلمێنێ کە ستەمی نەتەوەیی بوونی هەیە و ئەم گەلە هەر لە کۆمارەوە تا ئێستە بڕیاری داوە کە تا بنبڕکردنی ئەم ستەمە بەردەوام دەبێت لە خەبات و وەک وتراوە: ڕاسان دژ بە تاریکی و تا لووتکە بەردەوامە.**

# شەرەفکەندی شکۆی شۆڕش

**وڵات زاگرۆس**

**بەشی یەکەم**

دوکتور سادق شەرەفکەندی لە تۆرەمەی ئەو ڕێبەرانەیە کە باوەڕێکی قووڵی بە شۆرش - بێ هیچ وەهمێک ، بەو واتای بەشێک لە داگیرکەران بە باش بزانێ ــ دژ بە داگیرکەرانی زاگرۆس بووە و لەم پەیوەندییەدا هەوڵی داوە بە پشت بەستن بە گەلی خۆی و لە هەمان کاتدا خوڵقێنەر بوونی دەرفەتی شۆڕشگێڕانەو نەکەوتنە ناو دۆخی چاوەڕوانییەوە و بە گرتنەبەری ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی سەربەخۆ وڵاتەکەی لە کلۆنی داگیرکەران ڕزگار بکات.

پێناسەیەکی کورتی شۆڕش

وشەی شۆڕش بە واتای ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییە و دەکرێ لە هەموو چەمکەکاندا بۆ ئاماژە بە گۆڕینی بناغە و سەرهەڵدانی شێوازیکی نوێ و کەڵکی لێوەربگیرێت، وەک شۆڕشی کەلتووری، شۆڕشی پیشەیی و شۆڕشی زانستی و هتد. داریوش ئاشوری لە کتێبی زانستنامەی سیاسیدا دەڵێت: ئەم وشە سەرەتا لە زانستی گەردووناسیدا و بۆ بزوتنی ئەستێرەکان و هەتاو کەڵکی لێوەرگیراوە و لە سەدەی حەڤدەیەمی زاینییەوە لە ئۆرووپادا و پاشانیش لە سەرانسەری دنیادا بۆ ڕاپەڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکار هاتووە.

هەنووکە کاتێک وشەی شۆڕش بەکار دێت نزیکترین مانایەک کە دەگاتە زەینی مرۆڤ یان لانیکەم مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، واتا سیاسییەکەیەتی و لە گۆڕانی دەسەڵاتدا خۆی وێنا دەکات. ڕووداوێکی بناغەیی کە لەودا چوارچێوەی کۆن لەنێو دەچێت یان بەرەو لەنێوچوون دەچێت و ڕوانگە کۆنەکان و دەموچاوە کۆنەکان جێگەی خۆیان بە ڕوانگەی نوێ و دەسەڵاتداری نوێ ئەدەن . هانا ئارێنت لەسەر ئەو باوەڕەیە کە واتای نوێی شۆڕش لەو ڕوانگە جیا ناکرێتەوە کە ڕەوتی مێژوو لە ناکاودا سەر لە نوێ دەس پێدەکات و چیرۆکێکی تەواو نوێ کە هیچکات نەوتراوە یان نەزانراوە بە زوویی دەس پێدەکات .

ڕیفۆرم و جیاوازییە بنەڕەتییەکانی لەگەڵ شۆڕش

لە هەمبەر ئەم وشەدا وشەی ڕیفۆرم یان چاکسازی دێت. لە مانا سیاسییەکەیدا بۆ چاک کردن یان کەمکردنەوەی کەموکوڕییەکانی سیستمی سیاسی دەسەڵاتدار کەڵکی لێوەردەگیرێت و ڕیفۆرمخوازان ئەو کەسانەن کە هیوایان بە ئاڵوگۆڕ لە سیستمدا هەیە و پێیان وایە یاسای بنەڕەتی وڵات ئەو دەرفەتەیان پێ ئەبەخشێ ئەو چاکسازییانەی کە بڕوایان پێیەتی بە گوشار خستنە سەر دەسەڵات وەدی بێنن و قۆناغ بە قۆناغ لە ئامانجەکانی خۆیان نزیک ببنەوە. کەوایە هیوا بە گۆڕانی دەسەڵات و سیستمی بەڕێوەبەرایەتی قۆناغ بە قۆناغ و لە درێژماوەدا خاڵی بنەڕەتی جیاکەرەوەی شۆڕش و ڕیفۆرمن لە یەکتر و بێهیوایی بە چاکسازی لە ناو دەسەڵاتدا و چاوەڕوان نەمانەوە بۆ داهاتوویەکی نادیار، شۆڕشگێڕان لە ریفۆڕمخوازان جیا دەکاتەوە. ئەم پێناسە کورتەی کە لە شۆڕش و ڕیفۆرم کردمان دەروازیەکە بۆ باس کردن لە ڕێبەرێک کە پێی وابوو گۆڕین لە سیستمی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی نییە و بەم پێیە ڕێبەرێکی ڕیفۆڕمخواز نییە و لەم پێوەندییەدا لە ژمارەی ١٥٢ڕۆژنامەی کوردستاندا دەنووسێت « لە سایەی هاوپەیوەندی و یەکیەتی کردەوەدا ڕێژیمی ڕەشی ئاخوندی، نوێنگەی تەواوی کۆنەپەرەستی کوێرانە و سەرەڕۆیی وەحشیانەی سەدەکانی نێوەڕاست فڕێ دەینە ئەو جێگایەوە کە دەبێ بۆی فڕێ درێ، واتە نێو زبڵدانی مێژوو». ئەم نووسینە بە ڕوونی دەری دەخات کە دوکتور شەرەفکەندی هیچ هیوایەکی بە داگیرکەر و گۆڕان لە هزریاندا بەرامبەر بە نەتەوەکەی نییە و تەنیا ڕێگەچارە لە ڕووخانی ڕێژیم و فڕێدانی بۆ نێو زبڵدانی مێژوو دەزانێ.

ڕوانینی ئەرەستوو بەرامبەر بە شۆڕش

شۆڕش هەر لە سەرەتاوە زەینی بیرمەندانی بە خۆوە خەریک کردووە و لە ڕوانگەی ئەرەستووەوە شۆڕش پێکهاتوو لە دوو گۆڕانی سیاسییە، یەکەم گۆڕان لە ڕێڕەوی بنەڕەتی ڕێکخراو یان دەسەڵاتدا کە دەکرێ وەک یاسای بنەڕەتی لێکی بدەینەوە و دووهەم گۆڕینی کەسانی دەسەڵاتدار. لەم ڕوانگەوە ئەگەر لە نووسینەکانی شەرەفکەندی ڕێبەر ڕابمێنین بۆمان دەردەکەوێ کە چەندە ژیرانە و بە ڕوونی و بێ هیچ دوودڵی و وەهمێک لەهەمبەر داگیرکەردا خوازیاری شۆڕشە نەک ریفۆرم و پێی وا نییە یاسا یان کەسانی دەسەڵاتدار توانای دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەی ئاخ داگیرکراوی کوردیان هەبێ. دوکتور شەرەفکەندی لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە یاسایەک لە ئێراندا لە واتا ڕاستەقینەکەیدا بوونی نییە و هەرکام لە مەلاکان یان ئاخوندەکان بە خواستی خۆیان ئەو یاسا ناڕوون و دژەمافەکانی مرۆڤە لێک ئەدەنەوە و لەم بارەوە دەبێژێت: «بە وتەیەکی ڕوونتر لە ڕێژیمی ئێستای ئێراندا، دیارە بە ڕواڵەت قانوونێکی ئەساسی هەیە کە چوارچێوەی قانونیی بۆ بەڕێوەبەری وڵات دیاری دەکا و بە پێی قاعیدە هیچ کار و هیچ قانونێک و بڕیارێک نابێ لەو چوارچێوەیە دەربچێ؛ بەڵام لە عەینی کاتدا ڕێژیم، ڕێژیمێکی مەزهەبییە و هەموو قسەو ئیدعای ئەوەیە کە کاروباری وڵات دەبێ لە چوارچێوەی قانوون و ڕێورەسمی ئیسلامیدا بێ و بەس. لە ئاکامدا قانوونی ئەساسی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە واقیعدا قانوونەکان و ڕێوشوێنەکان ئیسلامین کە شارەزا و پسپۆڕ لەو قانوونەشدا ئاخوندەکانن و لەبەر ئەوەی هەر ئاخوندێکی پایەبەرز دەتوانێ بە تێگەیشتنی خۆی ئەو قانوونە لێک بداتەوەو نەزەری تایبەتی لەسەر بدا. ئەو وەزعە بە کردەوە ماناکای ئەوەیە کە قانوونی وڵات لە ئەسڵدا بریتییە لە بڕیار و نەزەری ئاخوندەکان، نەک ئەو شتەی ناوی قانوونی ئەساسی لەسەر دانراوە. ڕێژیمی ئاخوندی لە ڕاستیدا بێقانوونترین ڕێژیمی دنیایە. هەر بۆیە چ قانوونی ئەساسی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ چ وەک خۆی بمێنێ، بە کردەوە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو و کاریگەر لەو وەزعە شپرزە و بێسەروبەریەدا پێک نایە. چونکە لەم ڕێژیمەدا تەواوی دەسەڵات و ئیختیارات بە ڕەسمی لە دەست ویلایەتی فەقیهدایە کە ئەویش لە لایەن خەڵکەوە دیاری ناکرێت.»

بە پێی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران خواست و ئیرادەی خوایی سەرچاوەی تەواوی ئیرادەکانە و دەسەڵاتی بەسەر بڕیارەکانی دەسەڵاتدارانەوە هەیە، بە چەشنێک کە ڕەوایی هەر چەشنە کردار و بڕیارێک لە لایەن دەسەڵاتەوە گرێدراوی خواستی خوایە. ئەم ئیرادە مەزن و گەورەیە لە چوارچێوەی ڕێبەری و ڕێنیشاندەری ویلایەتی فەقیهەوەیە و یاسا ئیسلامییەکان کە لە لایەن کۆڕی نیگابانەوە بە عەینیەت دەگا . کەسێک ئەگەر یاساکانی کۆماری ئیسلامی دیتبێت جگە لە بەندەکانی کە دژ بە مافەکانی مرۆڤن و بەتەواوی لەگەڵ بایەخە ئینسانییەکان دژبەرن و بناغەن بۆ هەڵاواردن وەک ئەسڵی دوو، دوانزە...یەکێکی دیکە لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانی یاسای کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە وەک دوکتور سەعید بە درووستی ئاماژە پێکردووە دەکرێ یاساکانی کۆماری ئیسلامی شیکردنەوەی جیاوازی لێبکرێت و لە هەموو دۆخێکدا لە قازانجی مانەوەی دەسەڵاتدا کەڵکی لێوەربگیرێت بۆ نموونە: لە ئەسڵی ٢٦دا هاتووە: حیزب یان ئەو کەمینە ئاینییانەی کە لە یاسای بنەڕەتیدا ئاماژەیان پێکراوە، ئازادن بەڵام بەو مەرجەی کە بنەماکانی سەربەخۆیی، ئازادی، یەکیەتی نەتەوەیی، ڕێوشوێنی ئیسلامی و بناغەی کۆماری ئیسلامی نەخەنە مەترسییەوە، یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئاخراو لەم وشانەن بێ ئەوەی ماناکەیان بە ڕوونی دیاری کرابێت، سەربەخۆیی، ئازادی، یەکیەتی نەتەوەیی، ڕێوشوێنی ئیسلامی و بناغەی کۆماری ئیسلامی...» کە لێکدانەوەو راڤەی جیاواز هەڵدەگرن و وەک دوکتور سەعید دەبێژێت هەر کەس دەتوانێ بە خواستی خۆی شی بکاتەوە و دیاریشە یاسا لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە شی دەکرێتەوە و لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا نەبینراوە کە ئەم وشانەی کە شیکردنەوەی جیاواز هەڵدەگرن بە قازانجی خەڵک ڕاڤە کرابن. یەکێکی دیکە لە گرفتەکان کە وەهمی ئاڵوگۆڕ بە قازانجی خەڵک لە کۆماری ئیسلامیدا دەرەوێنێتەوە ئەوەیە کە لە ماوەی چل ساڵی دەسەڵاتداریەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئاواتی هەندێ کەس و بە واتایەک نەک ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی بەڵکو پاش چل ساڵ جێبەجێکردنی خودی ئەو یاسایانەیە کە هێشتا جێبەجێ نەکراون، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئاخۆ ڕێژیمێک پاش چل ساڵ نەیتوانیبێ هەندێ لە مادەکانی یاسای بنەڕەتی خۆی وەک ئەسڵەکانی سێ، نۆ، نۆزدە، بیست و هتد جێبەجێ بکات و هەندێکی دیکە کە مافی سەرەتایی هەموو مرۆڤێکە و تا ڕادەیەک جێبەجێ کرابوو وەک ئەسڵی سی، کە باس لە خوێندنی خۆڕایی تا قۆناغی دواناوەندی دەکات خەریکە بەرە بەرە لە بیر دەچێتەوە و خوێندن لە زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەکانی ئێران بە پارەیە و بە کردەوە منداڵانی چینی هەژار لە خوێندن بێبەش دەکات، چۆن و بە چ میکانیزمێک دەتوانێ ئاڵوگۆڕ لە بەرژەوەندی خەڵک لە خۆیدا وەدی بێنێت؟ ئەمە جگە لەوەیە کە خودی خوێندن لە ئێراندا و بە هۆی زمانی فەرمی فارسییەوە کە زمانی زیاتر لە شەست لە سەدی خەڵکی ئێران نییە بناغەی گەورەترین هەڵاواردنە دژ بە نەتەوەکانی ئەم یەکە سیاسییە. لێرەدا ڕەنگە هەندێ کەس و بەتایبەت ئەوانەی کە باوەڕیان بە ڕیفۆڕم لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا هەیە یان بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە باش دەزانن و لە نێوان بەڕێوەبەراندا سنووری باش و خراپ دادەنێن، ئەو باسە بێننە گۆڕێ کە شەرەفکەندی نزیک بە سێ دەیە بە جەستە نەماوەو ناتوانین بڕیارەکانی و بۆچونەکانی بۆ ئەمرۆکە بەکار بێنین! ئەگەر بمانهەوێ بە کورتی وڵامی ئەم بابەتە بدەینەوە دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە لە پاش شەهیدکرانی دوکتور سەعیدەوە تا هەنووکە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی کۆماری ئیسلامی کە خۆی لە سەرکۆماردا دەبینێتەوە ئەوە خەریکە نزیک دەبێتەوە بە دوو دەیە کە بە دەست ڕیفۆرمخوازانەوە بوو، ئاخۆ تەنانەت توانیویانە خودی یاسا بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامی جێبەجێ بکەن؟ بەڕاستی ئەو ئاڵوگۆڕانە کامانەن کە ئەم ڕیفۆرمخوازانە لە بەرژەوەندی خەڵکدا بەڕێوەیان بردبێت؟ ئەگەر گۆڕان قوناغ بە قۆناغە و دەکرێ چاوەڕوان بمێنینەوە ئەوە کام قۆناغە کە ڕیفۆرمخوازان بڕیویانە و لە ئازادی و دادپەروەری خەڵکیان نزیک کردووەتەوە؟ بە ڕاستی وڵامێک بۆ ئەم پرسیارانە بەدی ناکەم بۆ ئاماژە کردن بە پێکنەهاتنی ئاڵوگۆڕ لە کۆماری ئیسلامیدا بۆیە لێرەدا بۆ درێژنەبوونەوەی بابەتەکە تەنیا ئاماژە بە چەند نموونە دەکەم: هەر وەک پێشتر باسمان کرد تەنانەت بەڕێوەبردنی یاسای بنەڕەتی سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانی بۆ هەندێ کەس بووەتە ئاواتێکی شیرین و لە هەمان کاتدا ئەگەر سەیری مێژووی کۆماری ئیسلامی بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە لە جیاتی کرانەوەی قۆناغ بە قۆناغ بەپێچەوانەوە تا هاتووە ئاڵقەی بەڕێوەبەرایەتی ئەم دەسەڵاتە چوکەتر ــ بە واتای یەکدەسبوونەوە ــ بووەتەوە هەتا تەمەنی درێژتر دەبێت دەسەڵاتداران یەکدەستتر دەبن، لەم پەیوەندییەدا لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکرات مستەفا هیجری لە کۆبوونەوەی ڕێبەرانی بەشێک لە حیزبەکانی خۆرهەڵاتی نیشتمان لە ناوندی مێریدا دەبێژێت: «کۆماری ئیسلامی جیاوازی بیرو بۆچون قەبووڵ ناکات نە لە کورد نە لە نزیکترین کەسایەتی سەر بەو ڕێژیمە» لەم پەیوەندییەدا دەتوانین باس لە چەندین ڕێکخراوە بکەین کە سەرەتا هاوپەیمانی ویلایەتی فەقیە بوون و پاشان لە دەسەڵات دوور خرانەوەو تەنانەت کەوتنە بەر شاڵاوی کوشتن و گرتن و پاکتاوکردن، وەک نێهزەتی ئازادی، حیزبی تودە، بەشێک لە چریکە فیداییەکان و.. هەر لەم پەیوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە سەدان کەسایەتی بکەین کە بەرچاوترینیان سەرۆکوەزیران و دواتر سەرکۆمارەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامین کە زۆربەیان لە هەڵبژاردنەکاندا هەڵبژێردراوی ئەو کەسانە بوون کە زۆرینەی دەنگدەرانیان پێک دەهێنا و ئێستاکە کەوتونەتە بەر غەزەبی ویلایەتی فەقیە و تەنانەت دەرکەوتنیشیان لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا قەدەغەیە. گەلۆ دەکرێ بڵێین لە وەها دۆخێکدا بۆچوونەکەی دوکتور شەرەفکەندی کە دەبێژێت: «ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ئەگەر قەرارە پێک بێ، ئەو ئاڵوگۆڕە بریتییە لە لابردن و فڕێدانی سیستمی ویلایەتی فەقیهی و بەس! غەیری ئەوە هەر کارێکی دیکە لە شانۆسازی و ڕەنگ گۆڕینێکی ڕواڵەتی پتر تێناپەڕێ»، بۆ سەردەمی ئەمرۆ نابێت و بارودۆخەکە گۆڕدراوە؟ کەوایە تەنیا ڕێگەیەک کە لەهەمبەر تاکەکانی نیشتمان داگیرکراوی زاگرۆسدا دەمێنێتەوە تێپەڕینە لە کۆماری ئیسلامی کە بەداخەوە ناسینی مێژووی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە تێپەڕین لەم دەسەڵاتە بێ توندوتیژی یەکجار زەحمەتە.



# خێڵ و عەشیرە
# ڕمبازگەی شانۆکارییەکانی ڕێژیم

پژمان شەریعەتی

کاتیک باس لە هەڵبژاردن دەکرێت یەکەم وێنە کە لە زەینی تاکدا وێنا دەکرێت ئەوەیە کە کۆمەڵ، داخوازیی و چارەنووس و ویستەکانی لە ڕێگەی دەنگدان دیاری دەکات. هەڵبژاردن یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی دێموکراسییە، بەڵام لە وڵاتە نادێموکراتیکەکاندا ڕۆڵی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە لە سیستمی کۆلۆنیالیستی کۆماری ئیسلامیدا، نەتەنیا پێکهێنەری دێموکراسی نەبووە بەڵکوو ڕێژیم لە ڕوانگەیەکی ماکیاولیییەوە بۆ مانەوەی دەسەڵاتداری خۆی کەڵکاوەژووی وەرگرتووە لە هەڵبژاردن. بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێران بەردەوام هەوڵی داوە کە بە وەڕێخستنی نمایشی هەڵبژاردن، بوونی خۆی بە پاڵپشتی خەڵک نیشان بدات؛ بۆ ئەم مەبەستەش لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بە پێکهێنانی کەشێکی تەمومژاوی لە ئێراندا هەوڵی داوە خەڵکانی ئێران تووشی چەشنێک لە سەرلێشێواوی بکات تاکوو لەوەها کەشێکدا کۆمەڵگای جیهانی و ڕای گشتی نەتوانێت بە باشی لەو تەمومژەدا لە وردەکارییەکانی هەڵبژاردن و داخوازییەکانی خەڵک بە ڕوونی ئاگادار بن، لە کۆتاییشدا بە لابردنی ئەو تەمە دەست دەکات بە پڕوپاگاندا و وەکوو بەڵگەیەک بەکاری دێنێت کە خەڵک دەنگ دەدەن بە دەسەڵات و ڕەوایی دەدەن بە مانەوەی خۆیان.

لەم کەشە تەماوییەدا یەکێک لەو ڕێگایانەی کە بە بەردەوامی ڕێژیم گرتوویەتە بەر، دروست کردنی بەرە لە نێو خۆیدایە کە هەموو بەرەکانی بە شێوەی نمایشی باس لە چارەسەری گرفت و ئاریشەکان دەکەن بەڵام ئەزموونی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتداری ڕێژیم دەریخستووە کە هیچکام لەو بەرانەی کە کۆماری ئیسلامی پێکیان دێنێت، نە ئامانجیان چارەسەرییە و نە ئامادەن هێڵە سوورەکانی «ئینقلاب» ، کە سەرچاوەی سەرەکی نەهامەتییەکانی خەڵکە، تێپەڕ دەکەن، بەڵکوو ئەوەیکە وەک کەتوارێکی سیاسی خۆی دەردەخات ئەوەیە کە تەنیا لەو تەمومژەدا خەڵک ناچار دەکەن کە لە نێوان خراپ و خراپتر هەڵبژاردن بکەن، کە لە ڕاستیدا دەنگدان بە خودی دەسەڵاتە.

یەکێک لە ڕێگەکانی دیکە کە ڕێژیم بە کار دێنێت بۆ کۆکردنی دەنگ، پڕوپاگاندا لەنێوان خێڵ و عەشیرەتەکان و کۆکردنەوەی دەنگی عەشیرەکانە لە ڕاستای ئامانجی خۆیاندا. ڕێژیم لەو ڕاستایەدا، هەوڵ دەدات بە دیاریکردنی ئیمتیازی تایبەت، کێبڕکێیەکی ناڕەوا لەنێوان عەشیرەکان دروست بکات، هەتاکوو خێڵەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئیمتیازانە لە هەڵبژاردنەکان بەشدار بن، کە لە کۆتاییشدا بە هەندێک ئیمتیاز کە لە ڕاستیدا مافی خەڵکە وڵامیان دەداتەوە. ئەم شێوازە لە هەڵخەڵەتاندنی خەڵک لە کوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە زۆر بەکار دەبردرێت، چونکە لە لایەک هێشتا لە بەشێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ساختار و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە شێوازی خێڵ و عەشیرەیە و لە لایەکی دیکەشەوە، خەڵکی کوردستان تێکەڵ بە جەریانە سیاسییەکانی دەسەڵات نەبوونە هەتاکوو لە سیناریوی بەرەکان بەشدار یان لانیکەم ئاگادار بن. لە کوردستانی داگیرکراودا، دەسەڵاتەکان کە بە زەبری هێز و چەک و خوێنڕشتن، مانەوەی خۆیان گارانتی دەکەن، بۆ ئەوەیکە بتوانن سەرەڕای بەتاڵانبردنی سەروەت و سەرمایەی کوردستان دەسەڵاتی خۆیشیان ڕابگرن، بە ڕوانینێکی ئەرباب و ڕەعیەتی دەجوڵێنەوە و هەموو سەرمایە و ئیمتیازەکان لە دەستی خۆیاندا ڕادەگرن و وەکوو کارتێکی گوشار بە دژی خەڵک بەکاریان دەهێنن.



لەم نێوانەدا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەبینین کە لە نێو عەشیرەتەکاندا هەوڵ دەدرێت بە نزیک کردنی خۆیان لە دەسەڵات، ئیمتیاز وەربگرن، بە شێوەیەک کە نوێنەر دیاری دەکەن یان تەنانەت نوێنەریشیان نەبێت دەست دەکەن بە پاڵپشتی نوێنەرێک کە لە بواری خزمایەتی و عاتفی لێیان نزیک بێت.

ئەم ڕوانین و کردەوانە لە نێو عەشیرەکاندا، سەرچاوە لە هەژاری و نەبوونی دەسەڵات دەگرێت، زۆر جار کە دەچیتە نێو گرێچنی کۆمەڵگا، لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، لەنێو خێڵ و ئێڵەکاندا، باس لەوە دەکرێت «کە فلانی خۆی وەکوو نوێنەر دیاری کردووە لە هەڵبژاردن کە لە «خۆمانە» با پشتی بگرین هەتاکوو بەشکەم بتوانێت خزمەتگوزاری بۆ گوند و ناوچە و شارەکەمان دابین بکات، هەرچییەک بێت ئەو کەسە سۆزی هەیە بۆ عەشیرەتەکەی».

لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەم ڕستەیە بە شێوازی جیاواز دەبیسترێت، کە نەبوونی خزمەتگوزاری و دابین نەبوونی مافەکان بووەتە هۆکار کە بۆ دەربازبوون لەو گرفتانە وەکوو ڕێگەچارەیەک دیاری بکرێت، لە هەمانکاتیشدا ئەو کەسانەیش کە بەناو نوێنەری خەڵکن، لەوانەیە بۆ دابینکردنی ئەو مافانە بەڵێنی بدەن بە خەڵک، بەڵام ڕێژیم نە ئەو نوێنەرانە ئەهێڵێ خۆیان بەربژێر نکەن نە ڕێگە دەدات نوێنەرێک بتوانێت لەڕاستای بەرژەوەندی خەڵک هەنگاو هەڵگرێت.

ئەوەیکە ڕونە و ئەزموونی ڕابردوو دەریخستووە، بەتایبەت دواهەڵوێستی بەناونوێنەرانی مەجلیس لە جەریانی جینایەتی سپای پاسداران کە ١٧٦ کەس لە خەڵکی بێتاوانیان لە فڕۆکەی بوویینگی ٧٥٢ی ئۆکڕاینیان کوشت، ئەوەیە کە هەڵبژاردن لە ساختاری کۆماری ئیسلامیدا تەنیا و تەنیا ڕەواییدانە بە دەسەڵات؛ بۆ خەڵکیش وەکوو»شمشێری دامۆکلێس»ە، کەواتە تەنیا ڕێگە بۆ خەڵک بۆ گەیشتن بە مافەکانیان نەمانی ئەو ڕێژیمەیە و بە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان، زەربە لە پێگە و بناغەی ئەو دەسەڵاتە ناڕەوایە دەدرێت.

# هەمووومان بەرپرسیارین!

دیار

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا تاکەکان بەپێی شوێنی ژیان و شێوازی پەروەردە و داخوازی و مافەکان، جێگەی خۆیان لە کۆمەڵگا دیاری دەکەن بۆ بەرەوپێشبردن و دەسکەوتنی داخوازییەکانیان، هەر تاکێک لە کۆمەڵگا کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە و بە شێوازێکی تایبەت بۆ داهاتوو و ئارمانەکانی دەڕوانێت.

کۆمەڵگا لەو تاکانە پێک دێت کە سەرەڕای کەسایەتی جیاوازیان، بە دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانیان لە نێوان یەکتر، هەوڵ دەدەن بۆ بەرەوپێشچوونەوە و پاراستنی مافەکان و دەسکەوتنی داخوازییەکان، کە ئەتوانین بڵێین تاک و کۆمەڵگا بەیەکەوە واتا دەکرێن، لەم نێوانەدا تاکەکان لە دەستەبەندی کۆمەڵایەتی لە چین و توێژی جیاواز جێگیر دەبن و بە پێکهێنانی گرووپ و بەشداری لە ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکان لە ڕاستای بەرژەوەندی گشتی هەنگاو هەڵدەگرن کە بەرژەوەندییەکانی تاک لە بەرژەوەندی گشتی بەدی دەکرێت.

تاک لە کۆمەڵگا یان شارۆمەند، بە نیسبەت خۆی و کۆمەڵگا ماف و ئەرکی دیاریکراوی هەیە و کاتێک ئەتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی و کۆمەڵگا دیاری بکات و هەوڵی بۆ بدات، کە بە باشی ئاگاداری ماف و ئەرکەکان بێت هەتاکوو بتوانێت سەربکەوێت، بە گشتی سەرکەوتنی کۆمەڵگا سەرکەوتنی تاکە.

لە ئێرانی چەندنەتەوەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامییە، بە بەردەوامی لە لایەن ڕێژیم هەوڵ دراوە کە کۆمەڵگا بە شێوازێک بێت کە نە تاک بتوانێت جێگە و پێگەی خۆی دیاری بکات و نە بەرژەوەندی گشتی واتای بمێنێت، هەتاکوو ئەو سیستمە ئۆلیگاریشییە بەرژەوەندییەکانی پارێزراو بێت.

هەر لە دەسپێکی دەسەڵات بەدەستەوەگرتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، بە باشی دەرکەوت کە ئەم ڕێژیمە نەک دێموکراتیک نییە بەڵکوو بە تەواوەتی دژی خەڵکە و لە سامان و سەرمایەی نەتەوەکانی ئێران کەڵکاوەژوو وەردەگرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە دواکەوتووانەکانی خۆی و بە دەماگوژی خەڵک دەکاتە قوربانی ئیدئۆلۆژی ویلایەتی فەقیە و پەرەپێدان بە تێرۆریزم.

لەبەرامبەردا خەڵکیش لە دەسپێکی ئەو دەسەڵاتە ناڕەوایە هەتا ئێستا بە باشی بۆیان دەرکەوتووە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تەواوەتی بە دژی دێموکراسی و داخوازی و مافی خەڵکە و هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن کە لەبنەڕەتدا ئەو دیکتاتۆرییە بڕووخێنن، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ خەڵک هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو دیکتاتۆرییە لەنێو ببەن؟

بۆ وڵامدانەوەی درووست بەم پرسیارە دەکرێ لە دوو ڕەهەندەوە پرسەکە تاوتوێ بکرێت: یەکەم، کۆلۆنیالیست بوونی کۆماری ئیسلامی پرسێکی حاشاهەڵنەگرە و پشت بەستنی ئەو ڕێژیمە بە هێزی نیزامی و ڕاگرتنی دەسەڵاتی بە کوشتن و بڕین و تێرور و دروست کردنی کەشی ترس و تۆقاندن لەنێو کۆمەڵگا و سەرکوت بە وەحشیانەترین شێوازەکان لایەکی ئەو پرسەیە و دووهەم ڕەهەندیش بریتییە لە خەڵک، تەنیا هێزیک کە دەتوانێت لە بەرامبەری هەر شێوە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ڕاوەستێت و توانای گۆڕینی هەبێت خەڵکە، ئەویش بە مەرجی هاودەنگی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی.

ڕێژیمی ئێرانیش بە باشی دەزانێت کە هەرچی توانای نیزامیی بباتە سەرەوە و هەرچی نامرۆڤانەتر هەڵسوکەوت بکات و توندترین شێوازەکانی سەرکوت بگرێتە بەر، توانای بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ خەڵکی نییە، هەر بۆیە هەوڵی داوە ئاپۆلیتیزم لە کۆمەڵگادا پەرە بدات هەتاکوو کۆمەڵانی خەڵک هێڵێکی ڕوونی سیاسییان نەبێت و یەکدەنگی و بەشداری بە کۆمەڵ لە نێو کۆمەڵگا کەم بکاتەوە و لەو پێناوەشدا، بە دروستکردنی کەلێن لە نێو چین و توێژەکان، ڕێگەنەدان بە دروستکردنی سەندیکا و ڕێکخراو، نەبوونی ئازادی حیزبی و دروستکردنی کەشێکی بی متمانەیی لەنێو کۆمەڵگا، ڕێگە لە هاودەنگی و بەشداری گشتی دەگرێت.



لەم ساڵانەی دواییدا کە شەپۆلی نارەزایەتییەکان و خۆپیشاندان و نافەرمانی مەدەنی هەموو ئێرانی گرتووەتەوە و بە بەردەوامی خەڵک بە هاتنە سەر شەقام دژایەتی خۆیان لەگەڵ دەسەڵات ڕادەگەیەنن و داوای مافەکانیان دەکەن، بە ڕوونی دەردەکەوێت کە چین و توێژەکان لە یەک دابڕاون و هێشتا یەکدەنگییەکی ئەوتۆ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی لە کۆمەڵگادا ساز نەبووە.

نموونەکانی ئەو دابڕانە لە نارەزایەتییەکان بە باشی دیارە کە، کاتێک چینی هەژار نارەزایەتی دەردەبڕێت، چینی مامناوەند و خۆشبژیو بە هانای هەژارانەوە ناچن، یان دەبینین کاتێک کە شۆفیری کامیۆنەکان دەست دەدنە مانگرتن، شۆفیر تاکسی و ئوتوبوسەکان بێدەنگن و پەیوەست بە مانگرتنەکەوە نابن یان نموونەیەکی بەرچاوتر نارەزایەتی دەربڕینی خوێندکاران لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بوو کە بە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیم و کردەوە تێروریستییەکانی سپای پاسداران دەستی پێکردووە، دەبینین کە مامۆستایان و قوتابیان و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا خۆیان دەبوێرن لە هاودەنگی لەگەڵ خوێندکاران.

ئەگەر لە ڕەهەندێکی ترەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین دەبینین کە لە ئاستی نەتەوەکانی ئێراندا لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندی گشتی خۆی بە باشی نیشان دەدات؛ لە کاتێکدا بۆ نموونە نەتەوەی کورد داخوازییەکی هەیە و لە بەرامبەر زوڵمی ڕێژیم دەنگ هەڵدەبڕێت، نەتەوەکانی دیکە نەک بە هانای کوردەوە نایەن بەڵکوو بێدەنگ دەبن، ئەم کێشەیە بە نیسبەت هەموو نەتەوەکانی نێو جوغرافیای سیاسی ئێران لەبەرچاوە.

ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ ئەوەیکە خۆپیشاندانەکان و نارەزایەتییەکان بە ئاکامی پێویستی خۆیان نەگەن لە ئاستی هەموو ئێراندا و ڕێژیم بەردەوام بێت لە دەسەڵاتداری ناڕەوای خۆی؛ بە گشتی تاک و کۆمەڵگا و هەموو چین و توێژەکان بە هەموو نەتەوەکانەوە لەو چوارچێوە سیاسییەی ئێراندا کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕێژیمی ئێران بەسەریدا زاڵە لە بەرامبەر یەکتردا بەرپرسیارن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و هاودەنگی تەنیا ڕێگەیە بۆ لەنێوبردنی زوڵم و ستەمی کۆماری ئیسلامی.

# مەرگی دیکتاتۆر دوور نییە



**جاقل**

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٧ی بەفرانبار و پاش ١٠ ڕۆژ بێدەنگی لەهەمبەر داڕووداوەکانی ئێران، عەلی خامنەیی بەناچاری پێشنوێژی هەینیی تارانی گرتە ئەستۆ تاکوو لەژێر ناوی چەند حەوتووی پڕ لە ڕووداوی تاڵ و شیرین، کۆدی پێویست بۆ داهاتوو و چارەنووسی نارۆونی خۆی و ڕێژیمەکەی بدات بە دەستوپێوەندییەکانی تا بەڵکوو لە دەستەوەستانی و ئاڵۆزی فکری ڕزگاریان بکات!

کورتەگەڕانەوەیەک بۆ ئەم چەند حەوتووە تاڵ و شیرینەی کە خامنەیی هێمای بۆ دەکات پێویستە؛ ڕێکەوتی ٨ی بەفرانبار هێزەکانی ئامریکا لە عێراق پێنج بنکەی میلیشیاکانی حیزبولا لە عێراق و سووریەیان لە تۆڵەی کوشتنی پەیمانکارێکی ئامریکایی لەلایەن حیزبولا لە K١ بوردومان کرد کە بە هۆیەوە ٢٨ کەسیان کوژران و ٤٨ میلیشیاش بریندار بوون؛ ڕێکەوتی ١٠ی بەفرانبار چەکدار و لایەنگرانی حەشدی شەعبیی کۆماری ئیسلامی بۆ تۆڵەکردنەوە، هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە بەغدا؛ ڕێکەوتی ١٣ی بەفرانبار لە ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتدا ئامریکاییەکان توانییان گەورەتێرۆریستی سەر بە ڕێژیم، قاسم سلێمانی کە هەندێ جار وەک جێگری خامنەییش ناوی لێ دەبرا، لەنێو ببەن؛ ١٧ی بەفرانبار و پاش چەند ڕۆژ گەڕاندنی جەنازەی نوێنگەی تێرۆر بە شارەکانی ئێران، لە کرمان لە چاڵ خرا؛ هەر هەمان ڕۆژ سپای پاسداران وەک خۆیان دەڵێن لە تۆڵەی کوژرانی قاسم سلێمانی بە ١٠ مووشەک هێرشیان کردە سەر بنکە سەربازییەکانی ئامریکا؛ هاوکات فڕۆکەیەکی موسافرهەڵگری ئۆکراینی کرایە ئامانج؛ پاش چەند ڕۆژ شاردنەوە و حاشالێکردن، سپای پاسداران ڕایگەیاند کە بە هەڵە فڕۆکەکەی خستووەتە خوارەوە؛ بنەماڵەی قوربانیانی ئەم جینایەتە و خەڵکی نارازی لە ڕێژیم ڕژانە سەر شەقامەکان و بۆ ماوەی چەندین شەو و ڕۆژ تەواوییەتی ڕێژیمیان کردە ئامانجی درووشمە ڕادیکاڵەکانیان؛ لێرەدا بوو کە خامنەیی پاش چەند ڕۆژ خۆشاردنەوە، ناچار بوو دەرکەوێت و بۆ ڕازی کردنی دڵی هاوپیاڵەکانیشی بووبێ بێتە گۆ! بەڵام قسەکانی نەتەنیا بە قازانجی گشتییەتی ڕێژیم نەبوو و تەنانەت لایەنگرانی خامنەییش ڕەزایەتێکی ڕێژەییان لە قسەکانی نەبوو، بەڵکوو دەکرێ وەک زەبرێکی کوشندەی تر بۆ هەیکەڵی پووشاڵیی «نیزام» سەیر بکرێت. لە قسەکانیدا، خامنەیی تووڕەی نێوچاوان ترشاوی لێوانلێو لە سترێس، بۆ داپۆشینی دوایین جینایەتی سپای پاسدارانەکەی لەوپەڕی ڕووهەڵماڵراویدا وتی: «هەندێ کەس بە دنەی میدیاکانی ئامریکا و بریتانیا هەوڵیان دا مەسەلەی «کەوتنەخوارەوەی» فڕۆکە ئۆکراینییەکە بەجۆرێک نیشان بدەن کە خەڵک کارەساتی «یوم‌الله» واتە کوژرانی سلێمانی لە بیر بکەن».

هەر لەم چوارچێوەیەشدا وێڕای ئاماژەدان بە «هەلومەرجی سەخت» لە ئێران، ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی ڕۆژانی ڕابردووی خستە بەر لۆمە و لەگەڵ ئەوەیکە ئامادە نەبوو دان بە جینایەتەکەیاندا بنێت یان لانیکەم داوای لێبووردن لە بنەماڵەی قوربانیان بکات و هاوخەمییان لەگەڵ دەرببڕێ، وتی: «ئەوانەی کە لە شەقامەکاندا ئێعترازیان کرد، «فریوخواردوو» و «ئێحساساتین»! و هێڵێکی جیاکەرەوەی لە نێوان شوێنکەوتووانی ڕێژیمی جینایەت و خەڵکانی نارازی لە شەقامەکاندا کێشا و بەشێوەی نافەرمی نارازییانی بە غەیرەئێرانی ناو برد».

ئەم دەربڕینانەی خامنەیی کە لای خەڵک بەتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک «ڕاوەستان لە بەرامبەر خەڵک» پێناسەی بۆ کرا، لەگەڵ ئەوەیکە نێوەرۆکی ڕاستەقینەی ڕێژیمی دەرخست بەڵام لەهەمان کاتیشدا بوو بە هەوێنی یەکگووتاری زیاتری شەقام، بەو واتایە کە خامنەیی بە قسەکانی ئەو کەتوارە کەتمانکراوەی خستەوە ڕوو کە تاک لە کۆمەڵگای ئێران تەنیا کاتێک وەک مرۆڤ بە ئەژمار دێت کە لە خزمەت ڕێژیمدا بێ و هەرچەشنە جیابیری و بە جیا هەنگاوهەڵگرتنێک دەچێتە خانەی دژایەتی تەواوییەتی ڕێژیم.

خاڵی گرینگ کە دەسمایەی سەرەکی ئەم وتارەیە ئەوەیە کە ڕووداوەکانی ئەم دواییە، پۆتانسیەڵی ئەوەیان تێدا هەیە کە ببنە چەڵێنجێکی جیددی بۆ کۆماری ئیسلامی! درۆ و دەلەسەی ٤٨ کاتژمێری یەکەم پاش خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە و دواتر ڕاگەیەندراوی ستادی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و بەتایبەت لێدوانەکانی خامنەیی لە نوێژی هەینی، کەشێکی وەهای درووست کرد کە خەونی پەلهاویشتنی زیاتری ئۆختاپووسی سەردەم دەکاتە بلقی سەر ئاو. خامنەیی دەیان ساڵە کە بە «درۆ»، «قسەی هەڵبەستراو» و «خۆزلنیشاندان» دەیهەوێ ترسێک لە دڵی ڕۆژاواییەکان ساز بکات کە ئەگەر بێت و لەگەڵمان ڕێک نەکەون بە «هێزی بێوێنەی سەربازیمان» و «دەسکەوتە سەیروسەمەرە زانستییەکانمان» ئاسایشتان لێ زەوت دەکەین! بەڵام هێرشە بێئاکامەکانی سپا بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئامریکا لە عێراق ئەو ڕاستییەی جارێکی تر خستەوە ڕوو کە هەموو ئەوانەی لەم ساڵانەدا وتراوە و مانۆڕی لەسەر دراوە تەنیا هەندێ فڕوفیشاڵی خامنەییە بۆ بەرزڕاگرتنی وەرەی دابەزیوی چەکدار و مشەخۆرەکانی. پرسێکی تر یان لایەنێکی تری ئەم باسە ئەوەیە کە کوشتنی ١٧٦ تاکی بێتاوان لەلایەن سپای پاسدارانەوە کە وێدەچێ بەئەنقەست بووبێ! هیچ ڕەواییەکی بۆ ڕێژیم نەهێشتۆتەوە کە ساڵانێکە لەژێر ناوی «حکومەتی عەدڵی عەلی» خوێنی خەڵکانی ئێران هەڵدەمژێ و خۆی بەسەریاندا فەرز کردووە؛ ڕوونیشە کە نەمانی ڕەوایی لە وڵاتێکدا چەندە کوشندەیە بۆ بەڕێوەبەریی ئەو وڵاتە.

لایەنێکی تری ئەم باسە کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەو هۆیەوە کە هەر لە سەرەتاوە بناغەی دەسەڵاتەکەی بە درۆ و فێڵ و تەقییە دامەزراندووە ناچارە بۆ ڕاگرتنی باڵانسی هێزێک کە بەسەر ئێراندا سەپاندوویەتی، بەردەوام درۆ بکات. مایەپووچی تەواوی سیاسەتەکانی ڕێژیم و دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی لە چوار دەیەی ڕابردوو و شکستهێنانی خەونی خامنەیی بۆ ڕێبەریی کردنی تەواوی دنیا و لەنێوبردنی ئیسڕائیل و ئامریکا، سەرانی ڕێژیم و لەسەرووی هەمووان خامنەیی تووشی نسکۆیەکی فکری کردووە کە هەنووکە هیستریایی بڕیار دەدات و قسە دەکات. ئەمەش بەردەوام تووشی هەڵەی دووبارە و ناچاربوون بە درۆی دووبارەی دەکاتەوە.

مەسەلەیەکی تر کە لێرەدا دەبێ هێمای بۆ بکرێ ئەو ڕاستییەیە کە خامنەیی لە ماوەی ٣١ ساڵی ڕابردوودا کە پاش خومەینی جڵەوی کاروانی گێڕ و خواروخێچی ڕێژیمی بەدەستەوە بووە، لە کاتی ئاخاوتن و قسەکردنەکانیدا بەتایبەت لە نوێژی هەینی زۆر بە جیدییەتەوە قسەی کردووە، بەڵام دوائاخاوتنی لە نوێژی هەینی ٢٧ی بەفرانبار دەری خست کە ئەو تایبەتمەندییەی لە قسەکردندا لە کیس چووە و چیدیکە ناتوانێ وەک جاران بئاخفێ! کە ئەمەش لە دوو مەسەلەوە سەرچاوە دەگرێ: جیا لە پیری و لاوازیی جەستەیی و نەخۆشییە جۆربەجۆرەکان کە یەخەیان گرتووە، مەسەلەی ترس لە ڕووخان و بیستنی دروشمەکانی خەڵک هێندەی دیکە کاریگەرییان لەسەر ڕۆحی ئاڵۆزی داناوە و توانای قسەکردن و «خطیب»بوونی لێ ئەستاندووە.

خامنەیی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا و بەتایبەت لە ئەمساڵدا کە گوشارە سیاسی، ئابووریی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام ڕوویان لە هەڵکشان کردووە ئەو ڕاستییەی زیاتر بۆ دەرکەوتووە کە تەمەنی ئەویش هاوشێوەی دیکتاتۆرەکانی دیکەی هاوچەشنی خۆی بەرەو کۆتاییە. ئەمەش ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە بەردەوام لێی دەترسا و ئێستە خەریکە بە چاوی خۆی دەیبینێ؛ بەم پێیەش هەموو هەوڵی ئەوە دەبێ کە پێش لە مردن و لەنێوچوونی خۆی دواپەلامار و پەلەقاژەکانی لە خەڵکانی ئێران بوەشێنێت تاکوو لانیکەم تووشی بەسەرهاتی قەزافی و سەدام نەبێت؛ غافڵ لەوەی کە ئەگەر تەمەنیش مەودا نەدات تاکوو بکەوێتە بەر دادگایەکی عادڵانە چارەنووسی دەبێتە ڕەزاشای میرپێنج و وەک داروودەستەکەی خومەینی لە گۆڕیان دەرهێنا و سووکایەتییان پێکرد، ئەمیش لەنێو گۆڕدا سزا دەدرێت!

**هێرشە بێئاکامەکانی سپا بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئامریکا لە عێراق ئەو ڕاستییەی جارێکی تر خستەوە ڕوو کە هەموو ئەوانەی لەم ساڵانەدا وتراوە و مانۆڕی لەسەر دراوە تەنیا هەندێ فڕوفیشاڵی خامنەییە بۆ بەرزڕاگرتنی وەرەی دابەزیوی چەکدار و مشەخۆرەکانی**

**خامنەیی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا و بەتایبەت لە ئەمساڵدا کە گوشارە سیاسی، ئابووریی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام ڕوویان لە هەڵکشان کردووە ئەو ڕاستییەی زیاتر بۆ دەرکەوتووە کە تەمەنی ئەویش هاوشێوەی دیکتاتۆرەکانی دیکەی هاوچەشنی خۆی بەرەو کۆتاییە؛ ئەمەش ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە بەردەوام لێی دەترسا و ئێستە خەریکە بە چاوی خۆی دەیبینێ**

## وێــــستگە

# ژنان قورسایی بە جووڵانەوە دەبەخشن



**هێــمۆ**

ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا باس دەکرێت، ئەرک و ڕۆڵی ژنانی ئێران بە گشتی لە ڕەوتی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بە دژی دەسەڵاتی پاوانخوازی ویلایەتی فەقیهە، ناڕەزایەتیگەلێک کە مێژووەکەیان بۆ سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دەگەڕێتەوە، شۆڕشێک کە لەم ڕۆژانەدا لە لایەن خەڵکی دڵگران لە کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکەوە بە «هەڵەی ئینسانی» ناوی لێ برا! دوکتور قاسملووی نەمر، ڕێبەری زانای گەلی کورد دەفەرمێت: «هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە.» ڕاستە کە پێناسەی کورد وەکوو نەتەوە، جیاکارییەک لە نێوان پرسە گشتییەکانی تایبەت بە ئێراندا دێنێتە گۆڕێ بەڵام، بەپێی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبی ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵ لە ئێراندا و بە مەبەستی وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد تێدەکۆشێت و بە ڕاشکاویش لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لەگەڵ نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران خۆی بە هاوچارەنووس دەزانێت بۆیە بە هەمەگیرکردنەوەی وتەکەی دوکتور قاسملوو کە لە سەرەتا ئاماژەی پێ کرا، دەتوانین بڵێین کە بەشداریی کارای ژنان لە پرسە کۆمەڵایەتیی و بەتایبەت سیاسییەکانی ئێستادا، شانسی سەرکەوتنی بزووتنەوە جەماوەرییەکان زیاتر دەکاتەوە. ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەیە کە کۆمەڵگای ئێران لەگەڵ دەسەڵاتێکی تێرۆریست، گەندەڵ، شەڕخواز، ئاژاوەگێڕ، دژە خەڵک و سەرکوتکار بەرەوڕوویە، دەسەڵاتێک کە بە ڕێبەرایەتیی ئاخوندەکان لە دیکتاتۆربوونیش تێپەڕیوە و ئێستا ئیدی وەکوو دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر لەگەڵ خەڵک و جەماوەر هەڵسوکەوت دەکات. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا کۆمەڵێک ناڕەزایەتی هاتوونەتە ئاراوە، ئەگەر هیچکامەیان بە ئاکامێکی دڵخۆشکەر بۆ خەڵک نەگەیشتبێتن لانیکەم هەرکامەیان توانیویانە گورزێک بۆ بەردی بناغەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بن کە کۆڵەکەکانی لەرزۆک کردوون و هەر دەم ئەگەری ڕووخانیان هەیە. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا، ڕێژیمی ئێران زۆر هەوڵی دا کە لە ڕێگەی میدیا و پەروەردەوە، هەندێک کلێشە بێنێتە نێو ژیانی خەڵکەوە و کۆمەڵگای دەرەوە بە مۆتەکەیەک بۆ ژنان و شوێنێک بۆ دەستدرێژی بۆ سەر ژنان پێناسە بکات و بناغەی ترسێک دابنێت کە دەرفەتی بەشداری و گەشەکردن لە کۆمەڵگا لە ژنان بستێنێت، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو پڕوپاگەندەکان و هەموو تێچووەکانی بۆ ئەم مەبەستە نەیتوانی سەرکەوتوو بێت. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆپیشاندان، ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان، بینەری بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداریی ژنان لەم پرسە گرینگانەدا بووین. هەر لە مانگرتنی مامۆستایان و هاواری حەقبێژی ژنانی مافناسەوە کە ئێستاش لە زیندانەکانی ڕێژیمدان بگرە هەتا، ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨ و ٩٦ و ٩٨. لە ڕاستیدا پڕڕەنگبوونەوەی هەبوونی ژنان لەم پرسەدا بۆ ڕێژیمی ئێران هەواڵێکی دڵخۆشکەر نییە، چونکە چوونەسەرەوەی ئاستی تێگەیشتن و ئاوەزی ژنان بووەتە هۆی ئەوەیکە ئیدی ئەو حەشیمەتە ناچالاکەی کۆمەڵگا هەست بە گرینگبوونی ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگادا بکەن هەربۆیە لە ماوەی ئەم ساڵانەدا بینەری چالاکییە بەردەوامەکانیان لە بوارە جیاجیاکاندا بووین. ناکرێ بڵێین کە ژنان پێشتر بەرانبەر بە پرسەکان بێهەڵوێست بوون، ئەوان لە ساڵانی ڕابردوودا ئەرکی خۆیان تەنیا لە پاڵپشتیکردنی هاوسەر یان منداڵەکانیاندا پێناسە دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ تێگەیشتوون کە ئەوانیش ئەبێ لە سەنگەری بەرخوداندا بن و داوای ماف بکەن. ئەم تێگەیشتنە وای کرد کە لە ناڕەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ٩٨دا، دایکەکان لەگەڵ منداڵەکانیان بێنە مەیدان، ژمارەیەکی بەرچاویان بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم گیانیان ئەسپارد، ژمارەیەکیان برینداربوون و ژمارەیەکیشیان هەتا ئێستا لە گرتووخانەکانی ڕێژیمدان. ڕۆڵ و ئەرکی ژنان لە جووڵە جەماوەرییەکاندا، زۆر گرینگ و حاشاهەڵنەگرە، لە ڕاستیدا ژنان قورسایی بە جووڵانەوەکە دەبەخشن، چونکە ڕێژەی بەشداربووانی کۆمەڵ لە نیوەوە بۆ تەواوی کۆمەڵگا بەرز دەکەنەوە و ئەو کاتەیە کە هێزی جەماوەر زاڵ دەبێت بە سەر کۆمەڵگا و دۆخەکەدا. بەخۆشحاڵییەوە وێنە و ڤیدیۆ بڵاوکراوەکان سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانە بە باشی نیشانیان داوە کە ژنان زۆربەی کاتیش پێشەنگی مەیدانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مۆرەکانی ڕێژیم بوون. لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، خوێندکاران یەکەم کەسانێک بوون کە بەرانبەر بە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە دەستیان دایە ناڕەزایەتیدەربڕین کە لەم نێوانەدا دەبێ بە بایەخەوە سەرنجی کردەوە و هەڵوێستی بوێرانەی خوێندکارانی کچ بدرێت، چونکە سەرەڕای ئاگاداربوون لە دۆخی گشتیی ئێران و هەروەها شێوازی هەڵسوکەوتی دەزگا و ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە زانکۆکاندا لەگەڵ کەسانێک کە بە قەولی خۆیان هەنجارەکانیان شکاندووە، دیسانەوە زانکۆیان کردووەتە سەنگەری بەرخودان و داوای داهاتووی ڕوون دەکەن. هەرچەند کە تاکوو ئێستا ژنان زۆر بە باشی لە ناڕەزایەتییەکاندا دەرکەوتوون و توانیویانە ئەرکی خۆیان بە جێ بگەیەنن بەڵام پێویستە زیاتر لە جاران ئەرک وەئەستۆ بگرن و لەم ناتەبایی و ئاڵۆزییەدا پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان دیاری بکەن.

# ئایا هەموو ڕووداوەکان سێناریۆ بوون ؟



ن: موختار نەقشبەندی

و: ئاسۆ مینبەری

ڕێژیمی ئێران لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بە سیاسەتگەلێکی سەخت و سەرەڕۆیانە لە نێو وڵات و سیاسەتگەلی هێرشبەرانە و پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکانی دەرەوەی وڵات بەردەوام خەڵکی ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناوینی لەگەڵ قەیران و کێشەگەلی جۆراوجۆر بەرەوڕوو کردووەتەوە، ڕووداوەکانی دوو حەفتەی ڕابردوو نموونەیەک لە هەموو ڕووداوەکانی ٤٠ ساڵی ڕابردوو بوون و گوشار و سترێسێکی زۆری بە سەر خەڵکدا سەپاند، خەڵکێکی بەشەرەف کە بۆ دابینکردنی لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیان لەگەڵ کێشە بەرەوڕوون، زیاتر لە هەر کاتێک مەترسی شەڕیان هەست پێکرد و زیاتر لە هەر کاتێک درۆ و دەلەسەکانی ڕێژیمیان لە لا ئاشکرا بوو، وتووێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕایەکی زۆر سەبارەت بە سێ ڕووداوی گرینگی ئەم حەوتوویە کراوە و هەندێک هەر سێ ڕووداوەکەی ئەم دواییانە بە سێناریۆی بەردەوام ناو دەبەن و هەندێکیش تەنیا دوو ڕووداوی کۆتایی بە سێناریۆ دەزانن، هەندێکیش لە سەر ئەو بڕوایەن کە هیچ سێناریۆ و سازانێکی نهێنی لە نێوان ئامریکا و ئێراندا لە گۆڕێدا نییە و هەر سێ ڕووداوەکە پیشاندەری لاوازی و بێدەرەتانیی ئیتلاعاتی و نیزامیی ڕێژیمن.

لەم وتارەدا، هەر سێ ڕووداوەکە تاوتوێ دەکەین تاکوو ڕووداوەکان و باسە پێوەندیدارەکان بەشێوەیەکی وردتر بۆمان ڕوون ببێتەوە.

## کوژرانی قاسم سلێمانی:

لە یەکەم ساتەکانی ٣ی ژانوییەدا قاسم سلێمانی بە فڕۆکەی موسافربەری لە سوورییەوە هاتە عێراق و لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا لەگەڵ ئەبوومەهەندیس و چەندین ئەندامی پایەبەرزی حەشدی شەعبی کەوتنە بەر هێرشی ئامریکا و کوژران، پرسیارگەلێکی گرینگ سەبارەت بەم ڕووداوە هەن وەکوو ئەوەیکە ئامریکاییەکان چۆن بە وردی ئاگاداری کاتی هاتنی قاسم سلێمانی بۆ بەغدا بوون؟ ئایا لە سوورییەدا شناسایی کرابوون؟ ئایا کەسێک لە نێوان بەرپرسە ئەمنییەتییەکانی سوورییەدا زانیارییەکی وردی سەبارەت بە چوونەدەرەوەی قاسم سلێمانی بە ئامریکاییەکان دابوو؟ ئایا ئیسرائیلییەکان یارمەتی ئامریکاییەکانیان دابوو؟ لە نێوان ئەندامانی باڵای سپای قودس و حەشدی شەعبیدا سیخوڕ هەیە؟ یا.... یا ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران لەگەڵ ئامریکاییەکان مامەڵەیەکی ئەنجام داوە و لابردنی جان بۆڵتۆن و کوژرانی قاسم سلێمانی بەرنامەیەکی لەپێشدا داڕێژراو بووە! دەکرێ بە کەڵکوەرگرتن لە بەڵگەکان و زانیارییە بڵاوکراوەکان ئەم پرسە تاوتوێ بکرێ بەڵام وڵامی ئەم پرسیارانە بەوردی لە داهاتوودا ڕوون دەبێتەوە، زۆر جار ئامریکا دەیان ساڵ پاش ڕووداوگەلێکی لەم چەشنە، زانیارییە وردەکان ئاشکرا دەکات، هەڵبەت ئەگەر لەو ماوەیەدا زانیارییەکان دزە نەکەن و لە لایەن میدیاکانەوە بڵاو نەکرێنەوە، ڕێژیمی ئێران و ئامریکا لە ڕابردوودا چەندین جار سازان و ڕێککەوتنی نهێنییان هەبووە کە دواتر ئاشکرا بووە بەڵام بە سەرنجدان بە دۆخی سیاسیی ئێستا و وتە توندئاژۆیانەکانی خامنەیی لە نوێژی هەینیدا کە هیوا بە وتووێژ و کۆتاییهێنان بە کێشەکانی لە ڕێگەی وتووێژەوە کەم کردەوە، بەدووره کە ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە لابردنی قاسم سلێمانی لەگەڵ ئامریکا ڕێککەوتنێکی ئەنجام دابێت چونکە ئەگەر لابردنی قاسم سلێمانی ڕێگایەک بۆکۆتاییهێنان بە بشێوی و هەموارکردنی ڕێگای وتووێژ بوویێ، نابێ خامنەیی بەمشێوەیە قسە بکات. هەروا کە ئاماژەی پێ کرا، لە داهاتوودا ئەم پرسە بە وردی ڕوون دەبێتەوە بەڵام لە هەر دوو حاڵەتدا ڕێژیمی ئێران دۆڕاوی پرس و ڕووداوەکان بووە، چونکە ئەگەر ڕێژیم بە هۆکارگەلی ناوخۆیی و سیاسی لە سێناریۆی نەمانی گرینگترین فەرماندەکەیدا دەستی هەبووبێت، نیشاندەری لاوازیی ڕووبە دۆڕانی سیاسەتی هێرشبەرانەی هەناردەکردنی ئینقلابە و ئەگەر ڕێژیم ڕۆڵێکی نەبووبێ و هیچ سێناریۆیەک لەئارادا نەبووبێت، کوژرانی قاسم سلێمانی بەواتای لاوازیی ئیتلاعاتی و ئەمنیەتیی ئێران و هێز و زاڵبوونی ئیتلاعاتیی ئامریکایە.

## هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر پایگا نیزامییەکانی ئامریکا لە عێراق:

لە یەکەم ساتەکانی ٨ی ژانوییەدا ئێران لە ڕێگەی چەند مووشەکەوە هێرشی کردە سەر دوو پایەگای ئامریکا لە عێراقدا، بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان وەک ئەوەی لە لایەن عێراقەوە بڵاو کرایەوە، بەگشتی ٢٢ مووشەک هاوێژراونەتە سەر پایەگاکانی ئامریکا کە ١٧ مووشەکیان ئاراستەی پایەگای عەینولئەسەد کراون کە لانیکەم ٢ مووشەک لە مەودایەکی زۆر دوورتر لە پایەگاکەدا کەوتوونەتە سەر زەوی و ٥ مووشەک ئاراستەی پایەگای هەوایی ئامریکا لە هەولێر کراون کە ٣ مووشەکیان بە مەودای دەیان کیلۆمیتر لە پایەگەی ئامریکا کەوتونەتە عەرز. سەرەڕای ئیدعای بەرپرسانی ئێران بەنیسبەت کوژرانی دەیان ئامریکایی و برینداربوونی سەدان کەسی دیکە، بەرپرسانی عێراقی و ئامریکایی ڕایانگەیاندووە کە هێرشەکان تەنیا زیانیان بە پایەگاکان گەیاندووە و هیچ سەربازێکی ئامریکایی یان عێراقی نەکوژراوە و برینداریش نەبووە، بەپەلە ئەم پرسە لە میدیاکان و سوشیالمیدیادا بڵاوبوویەوە کە ڕەنگە ئەمە سێناریۆیەک بووبێت و ڕێژیمی ئێران لە کردەوەیەکی هاواهەنگ لەگەڵ ئامریکاییەکاندا و بۆ پاراستنی ڕۆحییەی لایەنگرانی لە ناوخۆ و دەرەوە لە وڵامی کوژرانی قاسم سلێمانیدا ئەم عەمەلیاتە نمایشییەی ئەنجام داوە، وتەکانی چەندین کەس لە بەرپرسانی عێراقی و وڵاتانی دیکە لەوانە فەرماندەی هێزە غەیرەئامریکاییەکانی ئەندام لە بەرەی دژ بە داعش بە نیسبەت ئاگاداری لە هێرشی ئێران بۆ سەر پایەگاکانی ئامریکا، هەبوونی سێناریۆکەی بەهێز کردەوە بەڵام لە ڕاستیدا چی ڕووی دا؟

لە یەکەم ساتەکانی بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوژرانی قاسم سلێمانییەوە هەتا ڕێوڕەسمی ناشتنی، بەگشتی هەموو بەرپرسە سیاسی و نیزامییەکانی ڕێژیم باسیان لە تۆڵەی سەخت و قورس دژ بە ئامریکا دەکرد، لە ڕاستیدا ڕێژیمی ئێران دەبا کردەوەیەکی بە دژی ئامریکاییەکان ئەنجام بدایە چونکە ڕۆحیەی مۆرەکان و هەوادارانی ڕێژیم چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات بە ڕادەیەکی زۆر لاواز ببوو بەڵام تەوژمی قسەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم سەبارەت بە تۆڵە و هەروەها هەڕەشەکانی بەرپرسانی ئامریکایی بەنیسبەت هێرشکردنە سەر دەیان شوێنی ئێران لە ئەگەری کوژرانی هێزەکانیان، مەترسیی ڕوودانی شەڕێکی بەتەواو مانای بردە سەرەوە و بەم هۆیەوە ئەگەری ئەوە زۆرە کە ڕێژیمی ئێران کە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی قاسم سلێمانی زیاترین کەڵکی تەبلیغاتی وەرگرتبوو و لە ڕووی تەبلیغییەوە دۆخەکەش بە قازانجیان بوو بۆ پێشگرتن لە شەڕێک کە ئەگەری ڕووخانی ڕێژیمی بەدواوە بوو، لە ڕێگەیەکەوە هێزە ئامریکاییەکانیان لە هێرشەکە ئاگادار کردبێتەوە تاکوو بەمشێوەیە هەم وڵامی کوژرانی قاسم سلێمانییان دابێتەوە و هەم بە پێشگرتن لە کوژرانی هێزەکانی ئامریکا پێشیان بە دژکردەوەی توندی ئامریکا و شەڕ گرتبێت. ئەگەری هەبوونی ئەم سێناریۆیە تاوتوێی وردی هێرشەکە لە بواری نیزامی و فەننییەوە تووشی کێشە دەکات و پرسیارگەلێکی زۆر بێوەڵام دەمێننەوە؛ بۆ نموونە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بیهەوێ هێرشی مووشەکی بکاتە سەر ئامریکا، سیستمی قەڵغانی دژەمووشەکیی ئامریکا، توانای بەرەنگاربوونەوە و لێدانی مووشەکەکانی ئێرانی نابێ یا ئەوەی کە چون ئامریکاییەکان لە چوارچێوەی سێناریۆیەکی لەپێشدا چنراودا هیچ هەڕەشەیەکیان بۆ سەر هێزەکانی خۆیان نەدەبینی خۆیان لە کەڵکوەرگرتن لە سیستمی دژە مووشەکی بواردووە یان نا ئامریکاییەکان هەر لە عێراقدا سیستمی دژەمووشەکییەکان دانەمەزراندووە!

بە هەرحاڵ ئەم هێرشە چ سێناریۆیەکی لەپێشدا داڕێژراو بێت یان هێرشێکی ڕاستەقینە، چەند خاڵ سەبارەت بە هێزی مووشەکیی ئێران و ئەم هێرشە ڕوونە:

. وێنە بڵاوکراوەکان لە پایەگای عەینولئەسەد نیشان دەدەن کە مووشەکەکان ڕێک وە بەر بیناکان کەوتوون و ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕێژیمی ئێران لە هێرش بۆ سەر ئامانجگەلی سابت بەتوانایە.

. ژمارەیەک لە مووشەکەکان بە مەودای دەیان کیلۆمیتر دوورتر لە ئامانجەکان کەوتوونەتە سەر زەوی و ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕێژیمی ئێران لە دروستکردنی مووشەک بە ڕێژەیەکی زۆر کێشەی هەیە و هەموو مووشەکەکانی ورد و دەقیق نین و ئەمە لاوازییەکی زۆر گەورەیە بەتایبەت لەکاتی شەڕێکی بە تەواو مانادا چونکە نەپێکانی ئامانجە دیاریکراوەکانی پێش لە شەڕ، لە سەر ڕەوتی شەڕەکە بەگشتی کاریگەریی دەبێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بەپێی زانیارییەکان لە هێرشی ساڵی ٢٠١٧ی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر پایەگای هێزەکانی داعش لە سوورییە، لە ٧ مووشەکی ئاراستەکراو، ٣ مووشەک لە حێرقادا کەوتنە خوارەوە و ٢ مووشەک لە مەودای دەیان کیلۆمیتری لە شوێنی دیاریکراو و تەنیا ٢ مووشەک ئامانجە دیاریکراوەکەیان پێکا! ئەمە لەحاڵێکدایە کە ڕێژیمی ئێران لە هەر دوو هێرشەکەدا لە باشترین مووشەکەکانی خۆی کەڵکی وەرگرتبوو بۆ نموونە لە هێرش بۆ سەر پایەگای عەینولئەسەددا لە مووشەکەکانی فاتح ٣١٣ و زولفەقار کەڵکی وەرگرتبوو، کاتێک لە بەرهەمهێنانی باشترین مووشەکەکانیاندا بەمشێوەیە تووشی کێشە دەبن بەدڵنیاییەوە دۆخی مووشەکە غەیرە دەقیقەکانیان زۆر خراپترە.

## فڕۆکەی موسافیربەریی ئۆکراینی

چەند کاتژمێر پاش هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر پایەگاکانی ئامریکا لە عێراقدا، هەواڵی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی موسافیربەریی ئۆکراینی و کوژرانی ١٧٦ کەس موسافر و سەرنشینەکانی بڵاوبوویەوە، لە هەمان سەرەتادا بەرپرسانی ڕێژیم هۆکاری کەوتنەخوارەوەکەیان کێشەی فەننی ڕاگەیاند، بەڵام ڕاگەیاندنەکانی دەرەوە لە زاری بەرپرسانی چەند وڵاتەوە هۆکاری کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەیان بەهۆی هاویشتنی مووشەک لە لایەن پەدافەندی هەوایی ئێرانەوە ڕاگەیاند، پاش چوار ڕۆژ نکۆڵیکردن، ڕێژیمی ئێران لە ژێر گوشاری میدیاکان و وڵاتانی دیکەدا و بڵاوبوونەوەی چەندین ویدیۆ لە هێرشی مووشەکی بۆ سەر فڕۆکەی موسافیربەری ناچار بە دانپێدانان بوو و سپای تێرۆریستیی پاسداران بەرپرسایەتیی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی لە ئەستۆ گرت و هۆکارەکەی بۆ هەڵەی پیرسۆنێلی پەدافەند لە شناسایی فڕۆکەی موسافیربەری و مووشەکی کرووزدا ڕاگەیاند. لەم ڕووداوەدا دیسانەوە باس لە سێناریۆیەک هاتە ئاراوە و هەندێک لە سەر ئەو باوەڕەن کە ڕێژیمی ئێران بە ئەنقەست فڕۆکەکەی خستووەتە خوارەوە و بۆ ئەم گریمانەیەش هۆکارگەلی سیاسیان هەیە، بەڵام بە سەرنجدان بە شوێنی ئەم ڕووداوە کە لە نزیکی تاران ڕووی داوە و بەرپرسانی نیزامی و ئەمنیەتیی ڕێژیمیش بە باشی لە هەبوونی ژمارەیەکی زۆری دووربین لەو شوێنە ئاگادارن و پێش بە وێنە و فیلمهەڵگرتنی خەڵک لە فڕۆکەی موسافربەری تا ڕادەیەکی زۆر ئیمکانی نییە، کەوابوو ئەگەری ئەوەیکە ئەم ڕووداوە سێناریۆیەکی لەپێشدا داڕێژراو بووبێت لاوازە، چونکە ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی کە هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی ورەی لایەنگرەکانی و هەروەها نمایشی ئیقتدارەکەی چ لە کاتی ناشتنی قاسم سلێمانیدا و چ لە هێرشی مووشەکی بۆ سەر پایەگاکانی ئامریکا بە فیڕۆ بچێت و بابەتی فڕۆکە موسافربەرییەکە ببێتە پرسی یەکەمی میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕقی خەڵک لە ڕێژیم بەشێوەیەکی بێوێنە زیاد بکات و بەستێنێک بۆ ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان دروست بکات؛ بەڵام خاڵگەلێکی گرینگ هەن کە نەشیاویی بەرپرسانی ڕێژیم دەسەلمێنن و کەسانێک کە ئەم ڕووداوە بە سێناریۆ دەزانن بەپێی ئەم خاڵانە ئەو گریمانەیە باس دەکەن؛

١) بۆچی پاش هێرشی مووشەکی بۆ سەر پایەگاکانی ئامریکا و ئەگەری دژکردەوەی نیزامیی ئامریکا بەپەلە وڵاتیان نەخستە ئامادەباشییەوە و فڕۆکەخانە و وێستگەکانی شەمەندەفەر و ترمینالە موسافربەرییەکانی نێوان شارەکان و ... یان دانەخست؟ فڕۆکەکە ٤ کاتژمێر پاش هێرشە مووشەکییەکە بۆ سەر پایەگاکانی ئامریکا کەوتەخوارەوە، کەوایە بەرپرسانی ڕێژیم بۆ هەڵوەشانەوەی هەموو فڕینە غەیرەنیزامییەکانیان کاتیان لە بەر دەستدا بوو، ٢) فەرماندە نیزامییەکانی ڕێژیم چەند ساڵ پێش ڕایانگەیاند کە سیستمی پەدافەندی هەوایی ئێران یەکپارچە و هاواهەنگە، ئەی چۆن دەکرێ پێرسۆنێلی یەک سیستمی پەدافەندی وەکوو تۆڕی ئێم ١، بە شێوەی سەربەخۆ تەقە لە ئامانجێک بکات؟ ئایا فەرماندە نیزامییەکانی ڕێژیم سەبارەت بە سیستمی یەکپارچە درۆیان کردبوو یا ئەمە تەنیا سێناریۆیەک بووە؟ ٣)ئەگەر ئەمە تەنیا هەڵەیەک بوو ئەی بۆچی دوای ٤ ڕۆژ ڕاگەیەندرا؟

حاجیزادە، فەرماندەی هەوافەزای سپا لە وتووێژێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی لە هەمان کاتژمێرەکانی سەرەتاوە بەرپرسانی لە کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکە بەهۆی مووشەکەکانەوە ئاگادار کردووەتەوە. ئەم ڕووداوە چ سێناریۆ بووبێت و چ هەڵەیەکی ڕێژیم، تاوانبار و بەرپرسی سەرەکیی ئەم ڕووداوە کێیە؟ بەپێی ڕاپۆرتێک کە نیویۆرک تایمز چەند ساڵ پێش لە زاری بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ئامریکاوە بڵاوی کردەوە، ڕێژیمی ئێران لە ساڵەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا بە هەڵە، تەقەی لە چەندین فڕۆکەی نیزامی و غەیرەنیزامیی ئێران کردووە و هۆکارەکەی بۆ نەناسینەوەی فڕۆکەی خودی و بەهەڵەگرتنیان لەگەڵ فڕۆکەگەلی ئامریکایی وئیسرائیلی بووە! هەموو ئەم ڕووداوانە دەیسەلمێنن کە ڕێژیم بەپێچەوانەی ئیدعاکان و پڕوپاگەندە بەربڵاوەکانی سەبارەت بە توانایی نیزامیی خۆی تەنانەت توانایی ناسینەوەی درووست و بەجێی فڕۆکە خودییەکان لە غەیرەخودییەکانی نییە و بایەخێک بۆ گیانی غەیرە نیزامییەکان تەنانەت خەڵکی وڵاتەکەی خۆی دانانێت و ئەگەر گوشاری وڵاتانی دەرەوە نەبوایە هیچکات بەرپرسایەتیی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی لە ئەستۆ نەدەگرت!

چ ئەم ڕووداوانە سێناریۆ بووبێتن و چ ڕاستی لە ئەسڵی پرسەکە و ئاکامەکەی گۆڕانێک دروست نابێت، پرسی سەرەکی ئەمەیە کە ڕێژیم بە سیاسەتی سەرکوتکارانە لە نێوخۆ و سیاسەتی دوژمنکارانە لە دەرەوە جگە لە خەسارکردنی سەرمایەی مرۆیی و مادیی ئێران هیچ دەسکەوتێکی نەبووە، قاسم سلێمانی سەربازی گیانفیدای خامنەیی بوو و هیچ بایەخێکی بە زۆرینەی خەڵکی ئێران کە دژ بە ڕێژیمی ئێرانن نەدەدا، ئەو لە کاتی ژیانیدا و تەنانەت پاش مردنیشی و لە ڕێوڕەسمی ناشتنیدا جگە لە مەرگ شتێکی بۆ ئێران نەبوو، عەمەلیاتی پووشاڵی (تۆڵەی قورس) دژ بە پایەگاکانی ئامریکا جگە لە پڕوپاگەندە هیچ دەسکەوتێکی نە بۆ ڕێژیم و نە بۆ خەڵکی ئێران نەبوو، ئاکامی ڕووداوەکانی ٢ حەوتووی ڕابردوو ئەوە بوو کە سەدان ئێرانی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی قاسم سلێمانی و کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە موسافیربەرییەکەدا کوژران بەڵام لە بەرانبەردا تەنیا ١١ سەربازی ئامریکایی بریندار بوون و چەند بینای پایەگا نیزامییەکانی ئامریکا وێران بوون کە بە چەند میلیۆن دۆلار پارە نۆژەن دەکرێنەوە، بەڵام ڕێژیمی ئێران دەبێ نزیک بە ١٠٠ میلیۆن دۆلار جەریمەی خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە و دەیان و بگرە سەدان میلیۆن دۆلار پارە بە بنەماڵەی قوربانیانی ئەم ڕووداوە بدات، بەهۆی ئەم ڕووداوانەوە زۆربەی کۆمپانیا دەرەکییەکان، فڕینی فڕۆکەکانی خۆیان لە ئاسمانی ئێراندا هەڵوەشاندەوە و ئەمەش زیانێکی دیکەی ئابووریی سەرچاوەگرتوو لە هەڵە و کردەوەکانی ڕێژیمە. ڕووداوەکانی دوو حەوتووی ڕابردوو پەیامگەلێکی گرینگی بۆ خەڵکی ئێران پێ بوو، زۆربەی سووپاپ ئێتمینانەکانی ڕێژیم (ڕیفۆرمخوازەکان)، لە جەریانی کوژرانی قاسم سلێمانیدا پشتیوانییان لە ڕێژیم و سپای تێرۆریستیی پاسداران کرد و ئەمەش دەیسەلمێنێ کە هەموویان لە پاراستنی ئەسڵی ڕێژیمدا یەکگرتوون و تەنیا لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات پێکەوە دژایەتی و جیاوازییان هەیە و خەڵک هیچ بایەخێکیان بۆ ئەوان نییە و نە خامنەیی و نە ڕووحانی فرمێسکیان بۆ سەدان هاووڵاتیی کوژراوی ئێرانی نەڕشت بەڵام بە نەمانی قاسم سلێمانی زۆر دڵگران بوون، هەروەها بێدەنگیی چەند ڕۆژەی دەوڵەتی ڕووحانی لە جەریانی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە موسافربەرییەکە بۆ جارێکی دیکە فێڵبازیی ئەم دەوڵەتەی سەلماند، ڕووداوەکانی ٢ حەوتووی رابردوو، لەوانە سەرکوتی ناڕازییان و قایمکاریی ڕێژیم لە جەریانی خستنەخوارەوەی فڕۆکە موسافیربەرییەکەدا نموونەگەلێک لە هەموو ڕووداوەکانی ٤٠ ساڵی ڕابردوو بوون و هەموو ڕووداوەکان بەهۆی لاوازی و نەشیاویی ڕێژیمەوە ڕوویان دا. بوونی ڕێژیم جیا لە زیان بۆ خەڵکی ئێران هیچی پێ نییە و تەنیا ڕێگای ڕووخانی ڕێژیم یەکگرتوویی ئۆپۆزسیۆن و خەڵکە، هێزە دەرەکییەکانیش پشتیوانی لە یەکگرتوویی ئۆپۆزسیۆن و خەڵک وەکوو ئاڵترناتیڤێک لە جیاتی ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران دەکەن.

**ڕووداوەکانی دوو حەوتووی ڕابردوو پەیامگەلێکی گرینگی بۆ خەڵکی ئێران پێ بوو، زۆربەی سووپاپ ئێتمینانەکانی ڕێژیم (ڕیفۆرمخوازەکان)، لە جەریانی کوژرانی قاسم سلێمانیدا پشتیوانییان لە ڕێژیم و سپای تێرۆریستیی پاسداران کرد و ئەمەش دەیسەلمێنێ کە هەموویان لە پاراستنی ئەسڵی ڕێژیمدا یەکگرتوون و تەنیا لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات پێکەوە دژایەتی و جیاوازییان هەیە و خەڵک هیچ بایەخێکیان بۆ ئەوان نییە**

# کۆماری ئیسلامی، پەنابردن بۆ چەکێکی ژەنگاوی و ژەهراوی

لوقمان مێهفەر

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، تاقمێک ئاخوندی پاوانخواز دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕشدا گرت و بە دروشمی بریقەدار و بێبنەما ئەو شۆڕشەیان بەلاڕێدا برد. بەهاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، لە سەرووی هەموویانەوە دامەزرێنەری ئەم ڕێژیمە واتە خومەینی، هەستی بەو ڕاستییە کردبوو کە بە تێپەڕبوونی زەمەن، فەلسەفە، ئێدئۆلۆژی وسیاسەت وستراتیژیی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ شکست بەرەوڕوو دەبێ، لەگەڵ دنیای سەردەم لە ناتەباییدا دەبێ و نێوەڕۆکی پووچ و بێمایەی زیاتر بۆ بیروڕای گشتی خەڵک ڕوون دەبێتەوە و ڕۆژێک دادێ کە دنیا بەگشتی و خەڵکی ئێران بەتایبەتی لێی بێزار دەبن و نفرەتی لێ دەکەن و سیاسەت، ستراتێژی و ئامانجەکانی هەرەس دێنن. خومەینی بە دوورئەندێشیەوە ڕوانیە ئەو پرسە بۆیە هەر لەسەرەتاکانی جێگربوونی ئەو ڕێژیمە، بیری لە دامەزرانی هێزێکی مەکتەبی چەکدار کردەوە تاکوو پاراستنی ئەو ڕێژیمە و ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی لە ڕێگای ئەو هێزە ئیدئۆلۆژیکەوە دەستەبەر بکا.

**خومەینی بە پێکهێنانی سپای پاسداران بە تیرێک دوو نیشانی پێکان؛**

**یەکەم:** بڕوای بە ئەرتەش نەبوو، بۆیە بە بوونی سپا ئەرتەشی بێنێوەڕۆک و بێدەسەڵات کرد. ئەرکی ئەرتەش تەنیا بوو بە پاراستنی سنوورەکانی ئێران بە بێ دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی و ئابووری وڵات.

**دووهەم :** ئەرکی سپای پاسداران پاراستنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، هەم لەنێوخۆی وڵات و هەم ناردنی بۆ دەرەوەی وڵات، ئەم هێزە لە شەڕ دژی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و لە شەڕی ئێران وعێراقدا زیاتر خۆی نواند و پشتگیری لێکرا و فەرمانەکانی ڕاستەوخۆ لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە وەردەگرت و لە بەرامبەر هیچکام لە ئۆرگانەکانی حکوومەتیدا بەرپرسیار و وەڵامدەر نەبوو. لە بواری سیاسی، ئابووری و نیزامییەوە هێزێکی سەربەخۆ بوو؛ بۆ سەڵماندنی ئەم ڕاستیە سەرنجتان بۆ ئەم فاکتانەی خوارەوە ڕادەکێشین.

**لە بواری ئابووری:**

سپای پاسداران، ئەکتەرێکی سەرەکییە کە ڕێبەرایەتی تۆڕێکی گەورەی پیشەسازیی ستراتیژی و خزمەتگوزاری بازرگانی وەکوو بیناسازی، ڕێگەوبان، بەرهەمهێنان و هەروەها چالاکی نائاسایی و قاچاخ دەکات.

**لە بواری سیاسی:**

پێگەی سپای پاسداران لە نێو سیستەمی سیاسی ئێرانیشدا بەهێزە، لەو ڕووەوە کە سەرکۆمار، بەشێکی گرینگ لە کابینەی حکوومەت، ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی پارلمان و بەڕێوەبەرانی ناوچەیی وەکوو ئوستاندار، فەرماندار و بەخشدارەکان لە نێو ئەندامانی ئێستا یان پێشووی سپای پاسداران پێکهاتوون، بۆ نموونە لەنێو حکوومەتی ئەحمەدینژاددا، لە ماوەی چوارساڵی یەکەمی سەرۆکایەتی ئەودا (٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩) لە ٢١ ئەندامی کابینەی حکوومەت ١٤ کەسیان لە فەرماندەرانی پێشووی سپای پاسداران بوون.

**لەبواری نیزامییەوە:**

لە ئێرانی ئەمڕۆدا دوو هێزی نیزامی بوونیان هەیە، یەکێکیان ئەرتەشە کە کاتی خۆی لە لایەن بنەماڵەی پەهلەوییەوە پێکهێنراوە و دوای شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩) ڕێکخرایەوە، ئەرکی ئەرتەش تەنیا پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانە و بۆی نییە دەست لە کاروباری سیاسی و ئابووری وڵات وەربدا. کەوابوو کۆڵەکەی سەرەکیی هێزی نیزامی لە ئێران سپای پاسدارانە کە نە تەنیا هێزێکی نیزامییە، بەڵکوو هێزێکە کە قورسایی بە سەر سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵێک بواری دیکەدا هەیە، لەوەش گرینگتر سپای پاسداران لقێکی دەرەکی هەیە بە ناوی سپای قودس کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کار و چالاکی دەکات. ئەو دەسەڵاتانەی کە سپای پاسداران هەیەتی لە لایەن وەلی فەقیهەوە پێدراوە، لە بواری ئابووری و نیزامییەوە سەربەخۆیە و جگە لە وەلی فەقیهە هیچ دامەزراوەیەکی حکوومەتی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بە سەریەوە نییە. سپای قودس لە ماوەی شەڕی ئێران و عێراقدا دروست کرا کە ئێستا وەکوو باڵی نادیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامی کاریگەریی دەخاتە سەر سیاسەتە نێو دەوڵەتییەکانەوە. بەشێک لەو کردەوانەی کە سپای قودس ئەنجامیان دەدا، بێجگە لە یارمەتی دارایی و نیزامیی گرووپە توندڕەوەکان، دەتوانین ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە کردەوە تیرۆریستیەکانیان واتە لەناوبردنی نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ ودەرەوەی وڵات بکەین هەتا تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی وهاوڕێیانی لە برلینی ئاڵمان ودەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنۆس. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ئەم سپایەوە لە سەر یەک ٥٠ کردەوەی تیرۆریستیی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران ئەنجام داوە کە لەو ٥٠ کردەویەدا ٨٠ کەس لە ڕێبەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی شەهید کراون، لە نێوخۆی وڵاتیشدا کوشتنی داریووش و پەروانە فرووهەر و دەیانی دیکەی وەک قەتڵە زنجیرەییەکان بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن. بۆیە خەرجی ئەو گرووپە بناژۆیانە کە لە دەرەوەی وڵات لە لایەن ئێرانەوە دابین دەکرێ، ساڵانە زیاتر لە ٨ میلیارد دۆلار مەزندە کراوە. لیستەی بەشێک لەو گرووپانەی کە لە لایەن سپای پاسدارانەوە لە دەرەوەی ئێران یارمەتی دارایی و نیزامی دەدرێن تا ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بەرەو پێش ببەن بە شێوەی خوارەوەیە:

**١. لە عێراق**

سپای بەدر

بزووتنەوەی ئەلنوجەبا

عەسائیبی ئەهلی حەق

کەتائیبی حزبوڵڵا

حیزبوڵڵای عێراق

کەتائیبی ئیمام عەلی

سەرایا ئەلسەلام

کەتائیبی سەیدۆشوهەدا

لیوای ئەبوفازل ئەلعەبباس

لیوای ذولفەقار

بزووتنەوەی ئەلبەدال

ڕێکخراوی حەشدی شەعبی کە لە ٧٠ گرووپی سەر بە کۆماری ئیسلامی پێکهاتووە

**٢. لە یەمەن:** ئەنسارولڵا(حوسییەکان)

**٣. لە لوبنان:**

حیزبوڵڵا

**٤- لە بەحرەین:**

«طیار العمل الاسلامی»، هاوپەیمانی١٤ی فێڤرییە

**٥- لە فەلەستین**

حەماس

بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی

بزووتنەوەی سابرین

**٦- لە کەنداو:**

حیزبوڵڵای کەنداو

**٧. لە میسر:**

سوپای پاسدارانی میسر

**٨. لە کویت:**

حیزبوڵڵای کوەیت

**٩- لە ئەفغانستان:**

گوردانی فاتێمیوون

**١٠- لە پاکستان:**

گوردانی زەینەبیوون

پێویستە بگوترێ کە سپای پاسداران هێزی مرۆیی خۆی لەو کەسانە دابین دەکات کە پێشتر بەشێوەی هزری ڕاهێندراون، واتە بەر لەوەی ڕاستەوخۆ لە سپای پاسداراندا دەست بەکاربن، لە لایەن ڕێکخراوی بەسیجەوە کە ڕێکخراوێکی ئیدئۆلۆژیکی و نیزامی سەر بە سپای پاسدارانە، ڕاهێنانی هزری و جەستەییان پێدەکرێ. بەڵام ئەوەی شایانی باسە ئەمەیە کە ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی هەژاند و وەلی فەقیهی لە گریان کرد، کوشتنی قاسم سلێمانی بوو، ئەو کەسەی کە ڕێبەرایەتی سپای قودس و بە گشتی ئەم ٩٢گرووپە توندڕەوانەی دەرەوی وڵاتی بەتایبەتی دەکرد کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نائەمن کردبوو ببووە مەترسیەکی گەورە کە هەرەشەی لە ئاشتی و ئارامیی جیهان و ناوچە دەکرد. بە کوشتنی ناوبراو هێز و توانای کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کە لە ئاستی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز و بێ چەکدا چەندە بێبەزەیی وهار و دڕندەیە و لە بەرامبەر لایەنی بەهێزیشدا چەندە زەلیل و زەبوون و گریان هێنەر و دەستەوەستان؟!

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردودا، قەت بە ڕادەی ئەمڕۆی لە ئاستی دەرەوەدا پەراوێز نەخراوە، لە ئاستی نێوخۆییشدا قەت بەقەد ئێستا لەگەڵ قەیرانی مەشرووعیەت بەرەوڕوو نەبووە، وەک دارێکی هولول، بە بێ ڕیشە و گەڵا لە سەر پێ وەستاوە، نەک لە بەرامبەر هێزی دەرەکیدا، بەڵکوو لە ئاستی شەپۆلی تۆفانێکی هەڵقوڵاو و گەردەلوولێکی بەتەوژمی کومەڵانی بەرینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێراندا، ئەگەر نەڵێین مەحاڵە زۆر زەحمەتە خۆڕاگری و بەلادانەکەوەی. چۆنکە کاتێک خەڵک حکوومەتێک کە بەدەنگی خۆیان هەڵیدەبژێرن و دەنگی متمانەی پێ دەبەخشن و ڕەوایی پێدەدەن کاتێکیش ناڕەزایەتی لەبەرامبەریدا دەردەبڕن بە نیشانەی نەویستنی دێنە سەر شەقام و خۆپیشاندان دەکەن و دروشمی ساختارشکێن بەرز دەکەنەوە، بەو مانایە دێ کە ڕەوایی ئەو نیزامە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، کاتێک حکوومەت توانای وڵامدانەوە و چارەسەریی داخوازە ڕەواکانی خەڵکی نییە لە مەشرووعیەت دەکەوێ، بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە ناچار خەڵکی وەزاڵەهاتوو دەداتە بەر دەسڕێژی گولـلە و دەیانکوژێ و دەکەوێتە ناسینی مۆرە و ڕێکخەرەکانی خۆپیشاندەران و پۆل پۆل دەیانگرێ و ڕەوانەی سیاچاڵەکانی دەکات و بە شێوەی سەدەکانی نێونجی دەیانخاتە بەر ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و ڕۆحی و تاوانی ئاژاوەگێڕی و سیخوڕی بۆ بێگانەیان دەداتە پاڵ و کەشێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ پێکدێنی. دەستوور بە سپای پاسداران دەدا شەلم و کوێرم هیچ نابوێرم . زۆر ڕوونە کە هەست بە لەدەستدانی ڕەوایی خۆی دەکات بۆیە ئاخرجار دەست بۆ ئەو چەکە ژەنگاوی و ژەهراوییە دەبات کە ئەویش سەرکوت و ڕاونان و گرتن و ئەشکەنجە وکوشتنە. بەڵام مێژوو ئەمەی سەلماندووە کە ئەم چەکە نەیتوانیوە فریای هیچ کام لە ڕێژیمە دیکتاتۆر وتۆتالیترەکان بکەوێ و سەرئەنجام ئەوەی سەردەکەوێ ئیرادەی بەهێزی گەلە بەسەر زۆردار و خوێنڕێژەکاندا.

**سەرچاوەکان :**

**قانوونی ئەساسیی ئێران**

**میکۆنۆس بکوژانی شەرەفکەندی ڕیسوا دەکا**

**ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە نێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا**

# لە جاشەوە بۆ جاش قەڵەمەکانی کوردستان

## «خوێندنەوەیەکی کارکردخوازانە بۆ دیاردەی جاش لە کوردستان»

شێرکۆ

مالینۆفیسکی دەڵێت: هەر دیاردە یان توخمێکی فەرهەنگی تا کاتێک قازانج و سودی هەبێت، دەمێنێتەوە.

**سەرەتا**

دەستەواژەی «جاش» وەک دیاردەیەکی فەرهەنگی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، ئەگەرچی وەک بابەتێکی بایۆلۆژی زۆر کۆنە! مێژووی سەرهەڵدانی بەربڵاوی ئەم دەستەواژەیە هەرچەند لە بەشەکانی دیکەی کورستان زووتر بووە بەڵام لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هاوکاتە لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتن و قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن ئایەتوڵاکانەوە لە ئێراندا. لەسەرەتای هاتنە سەرکاری خومەینی و باندەکەی، دوای ماوەیەک وتووێژ و بێئاکامانەوەی وتووێژ، ڕووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراو و نابەرابەر دەبنەوە. لەم شەڕەدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکوو باسکی بەهێزی گەلی کورد، ڕۆڵ و دەوری سەرەکی دەگێڕێت و کۆمەڵێک زەبری گورچکبڕ لە ڕێژیم دەوەشێنێت. لە ئاکامی ئەم هەوڵ و چالاکییانەدا، پێشمەرگە، بوون و مەوجودیەتی خۆی وەکوو هێزێکی ڕاستەقینە دەسەلمێنێت. لەم ڕێکەوتە بە دواوە، ڕێژیم لە ڕێگەی هەندێ کەسی بەکرێگیراو و ئاڵقە لە گوێوە، هێزێکی هاوتەریب لەگەڵ هێزی «پێشمەرگەی کوردستان» بە ناوی «پێشمەرگەی موسوڵمان» دادەمەزرێنێت کە دواتر بە ناوی «جاش» ناوبانگ دەردەکات. مەبەستی ڕێژیم لەم کارە سێ ئامانجی سەرەکی بوو؛ یەکەم، دەیویست وا نیشان بدات کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان باوەڕی بە ئایینی ئیسلام نییە و کافرە، تاکوو دواتر وەک هێزێکی کافر لەگەڵی هەڵسوکەوت بکات و فەرمانی جیهادی لە دژ دەربکات، لە هەمانکاتدا شەڕی کوردستان وەکوو شەڕی کافر و موسوڵمان پێناسە بکات. بابەتێک کە دواتر لە فەرمانی جیهادی خومەینیدا بۆ سەر کوردستان ڕەنگی دایەوە و شەڕی کوردستانی بە شەڕی کافر و موسوڵمان شوبهاند و دەیگوت: «شەڕی ئێمە لە کوردستان لەگەڵ کوفرە نە لەگەڵ کورد». دووهەم، بێڕێزی کردن و دابەزاندنی شکۆ و هەیمەنەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی ڕزگاریبەخش و ئازادیخواز. سێهەم، دروستکردنی پوازی کوردی بە مەبەستی دووبەرەکینانەوە، دوژمنایەتی و شەڕی ناوخۆیی، کە بەداخەوە هەندێ کەسی نەزان، گەمژە و هەلپەرەست، کەوتنە داوی ڕێژیمەوە و لە ئاکامدا کۆمەڵێک دەرئەنجامی ماڵوێرانکەر و قەرەبوونەکراوەی لێکەوتەوە. لەو هەلومەرجەدا کە ئاماژەمان پێدا، ڕێژیم دیاردەی جاش و جاشایەتی بەلاوە گرنگ بوو و بۆ پەرەپێدان بەم کارە لە هیچ جۆرە فرتوفێڵ و چەشتە ختنێک سڵی نەدەکرد، چونکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، پێویستیی زۆری بە هێزی خۆماڵی دژبەر هەبوو. دوای ڕاگرتنی شەڕی چەکداری لە کوردستان و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوورەکانی کوردستان و ناوخۆی هەرێمی کوردستانی باشوور، جاشایەتی گرینگی و بایەخی ڕابردووی خۆی لە دەس ئەدا و دوای کارلێکێشانەوەی زۆر، جاشەکان بەرەڵا دەکرێن و وەکوو پێویست ئاوڕیان لێنادرێتەوە، چونکە قازانج و کارکردی پێشووی خۆیان لە کیس دابوو. هەر بۆیە دواتر ڕێژیم بیری لە دروستکردنی جۆرێکی دیکە لە جاش، گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی نوێ کردەوە، کە لێرەدا وەکوو "جاش قەڵەم" پێناسە دەکرێت.

جاش قەڵەم کێیە؟

دوای قۆناخی شەڕی چەکداری، قۆناخێکی نوێ هاتە ئاراوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ قۆناخی ڕابردوو جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. بە کورتی لە قۆناخی ڕابردوودا، جاشەکان ڕاستەوخۆ لە دژی خەباتکارانی کورد دەجەنگن و لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستاندا وەکوو چاوساغ و کەواسووری بەر لەشکر ڕۆڵ دەگێڕن، بەڵام لە قۆناخی نوێدا، بەو هۆکارانەی پێشتر باسمان کرد، هەلومەرجی کوردستان گۆڕانی بەسەردا دێت، کەوابوو پێداویستی جۆرێکی دیکە لە جاش سەر هەڵئەدات. جاشایەتی نوێ ئەو کەسانە لەخۆ دەگرێت، کە قەڵەم، لێهاتوویی، توانا، هزر و ئەندێشە و بە گشتی سامانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆیان بە جێگەی بەکارهێنان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی، لە دژی نەتەوەکەیان بەکار دەهێنن. لەم شێوازە نوێیەدا، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و شاراوە، لە قاڵبی جۆراوجۆری وەکوو کوردانی سەر بە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازانی ڕێژیم، هەندێك چالاکی مەدەنی و فەرهەنگی چەواشەکراو، ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار و کۆنفرانسی فەرهەنگی حکومەتی (بۆوێنە کۆنگرەی مەشاهیری کورد ساڵی ٩٨)، بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا بە دروستکردنی کۆمەڵێک ماڵپەڕ، کەناڵ و گرووپ لە فەزای مەجازیدا، لە میدیاکاندا وەکوو لێکۆڵەری سەربەخۆ، ڕۆژنامەوان،چالاکی مافی مرۆڤ و ... خۆیان ڕێکخستووە. لە سەرەتای ئەم ڕەوتەدا، کەسانێکی وەکوو ئێحسان هوشمەند، عێرفان قانیعی فەرد، سەید هاشم هیدایەتی، و ... ئەم ئەرکەیان بە جوانی جێبەجێ دەکرد. بە هەمان شێوە لە بواری فەزای مەجازیدا دەکرێ ئاماژە بە کۆمەڵێک نموونەی وەکوو ماڵپەڕی کورد پرێس و ...بکرێت. لەم قۆناخەدا بە جێگەی سەرکوتی ڕاستەوخۆ، بە شێوەی نەرمەبڕانە، ژێربەژێر و لەسەرەخۆ، خەریکی دابەزاندنی پرسی کورد بۆ هەندێ باس و بابەتی لاوەکی، بەلاڕێدابردنی پرسی کورد و سەرقاڵکردنی خەڵکی کوردستانن، واتە بە خستنە بەر باسی هەندێ باسی بێبنەما، لە هەوڵی بێڕێزیکردن بە ڕێبەران و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد، دابەزاندن و سوکایەتی بە شۆڕشی خەڵکی کوردستان، دروستکردنی کەشوهەوای ناهۆمێدی، چاندنی تۆویی چەندبەرەکی، بەفیڕۆدانی هێز و وزەی چالاکانی کوردن، کە ڕوونە ئەم کەسانە بە شێوەی خوازراو و نەخوازراو ڕۆڵی سپای سایبێری ڕێژیم دەگێڕن و لە بەرژەوەندی ڕێژیمدا هەڵسوکەوت دەکەن و ئاو لە ئاسیاوی ڕێژیم دەهاوێن. گرووپی دیکەی نوێ هەن بە ناو و نازناویی جۆراوجۆر و نەناسراوەوە، لەژێر ناوی نیشتمانپەروەری، ڕەخنەی بنیاتنەرانە، بەپەرۆشبوون بۆ مەسەلەی کورد و ...، بەردەوام خەریکی بێڕێزیکردن، جنێودان بە کەسایەتییەکان، خستنە بەر باسی هەندێ قسە و باسی بێبنەما و نازانستی، بێڕێزی بە کەسانی بەشداربوو لە شۆڕشەکانی ڕابردوو دەکەن. لە ئاکامدا ئەم کەسانە بێجگە لە چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی پرسی کورد لە گشتییەتی خۆیدا هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە. بەپەرۆشبوونی ئەم تاقمە بۆ دۆزی کورد، سنووری هەموو بەشەکانی کوردستانی تێپەڕاندووە و خۆیان قەتیسی بەشێکی تایبەت نەکردووە و خۆ لە هەموو باس و بابەتێک هەڵدەقورتێنن. وەکوو دەرئەنجام و بەشی کۆتایی دەتوانین بڵێین، جاشایەتی لە کوردستان تا ئێستا دوو قۆناخی تێپەڕاندووە. قۆناخی یەکەم هاوکاتە لەگەڵ شەڕی چەکداری و ئامرازی بەڕێوەبردنی ئەم شەڕە جاشەکانن. قۆناخی دووهەم بۆ دوای شەڕی چەکداری دەگەڕێتەوە کە بە شەڕی نەرم ناسراوە. لەم قۆناخەدا ئامرازی شەڕ کەسانی جاش قەڵەم و خۆفرۆش بوونە. واتە ئەو کەسانەی کە هزر و ئەندێشە و سامانی کولتووری و کۆمەڵایەتی خۆیان بە شێوەی جۆراوجۆر لە دژی بەرژەوەندی نەتەوەکەیان هەرزانفرۆش کردووە. پێویستە بگوترێت، ئەگەرچی لە قۆناخی یەکەمدا گوتاری زاڵ، شەڕی چەکداریی و ئامرازی جێبەجێکردنی جاشەکان بوونە، بەڵام ڕێژیم لە شەڕی نەرم خۆی نەپاراستووە. بە هەمان شێوە لە قۆناخی دووهەمیشدا ئەم سیاسەتەی ڕەچاو کردووە. بەتایبەت لە دوای ڕاگەیاندنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، ڕێژیم هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی سیاسەتی شەڕی نەرم، بە جیدی ئاوڕی لە جاشە کۆنەکان و گرتنی جاشی نوێ و پۆشتە و پەرداخ کردنی ئەم هێزە خۆفرۆش و دژی گەلیانە داوەتەوە. پەیامی ئەم نووسراوە بۆ هەر دوو تاقمی جاش و جاش قەڵەمەکانی کوردستان ئەوەیە، ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری ئاخوندی ئێستا زیاتر لە هەر کات و ساتێک، لە ڕووی ناوخۆیی و دەرەکییەوە ئیزۆلە و پەراوێز خراوە. تا ئەو جێگە تەنانەت لە لای هۆگران و شوێنکەوتووانی قورس و قایمی خۆیشی متمانە و مەشرووعییەتی نەماوە و بەرەو هەڵدێر و نەمان دەچێت. کەوایە باشتر وایە لەوە زیاتر کات بە فیڕۆ نەدەن و بگەڕێنەوە باوەشی گەل و لە خۆشەویستی گەل خۆیان بێبەش نەکەن.

# ڕاهێنەری
# فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی پێنجەم

### چۆن ڕاهێنەری بکەین؟

ئێمە مرۆڤەکان چ لە ژیانی ڕۆژانە و چ لە شوێنی کارکردنماندا پێویستمان بە گەشەکردن و چوونەپێش هەیە. یەکەم هەنگاو لە مێتۆدی ڕاهێنەریدا ئەوەیە کە مرۆڤ بزانێت لە کاتی ئێستادا لە چ قۆناغێکدایە و حەز دەکات قۆناغی داهاتووی چۆن بێت. ئێستا ئەو شوێنەی کە تێیداین و لە گەڵ ئەو شوێنەی کە ئامانجمانە لە داهاتوودا وەدەستی بهێنین(شوێنی باشتر)، جیاوازی هەیە یان نا و ئەگەر هەبێ ئەوە دەبێ کار لەسەر ئەو جیاوازییە بکرێ. کەواتە چۆن کەڵک لە سندووقی ئامێری پرۆسەی ڕاهێنەری وەرگرین بۆ ئەوەی جیاوازی یان بۆشایی نێوان ئەو دوو قۆناغە کەم کەینەوە. سندووق بە واتای جانتایەک کە کەلوپەلی تێدا کۆ دەکەنەوە. لێرەشدا مەبەست لە سندووقی ئامێری ڕاهێنەری ئەو سندووقەیە کە هێندێک ئامێر، ڕێگاچارە یان ڕێنوێنی بۆ ڕاهێنانی تێدا کۆ دەکەنەوە. سندووقی ئامێر وەک سندووقێکی فریاکەوتنە کە توانای ئەوەت دەداتێ چۆن و بە چ شێوەیەک ڕاهێنەری و ڕاهێنان بکەی. هەربۆیە ڕاهێنەر لەسەرتای کاردا هەوڵ دەدات تا پێوەندییەکی باش لەگەڵ فێرخواز لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە کە وەک بناغە وان، پێک بێنێت:

- هەبوونی باوەڕ و متمانە بە یەکتر
- دڵنیایی و ئاسودەیی
- ڕووڕاست و ئاوەڵابوون لەگەڵ یەکتر

هەر لەسەرەتای پرۆسەی ڕاهێنەریدا، ڕاهێنەر دەبێ توانا، ویست و هێزی فێرخواز بۆ فێربوون بدۆزێتەوە و دەستنیشانی بکات تا بزانێت فێرخواز لە چ قۆناغێکدایە. ڕاهێنەر دەبێ ئەو کارانەی کە فێرخواز بەباشی بەجێیان دەگەیەنێت و ئەوانەش کە بە زەحمەت فێریان دەبێت، هەنگاو بە هەنگاو پۆلێنبەندیان بکات. پاشان ویست و حەزەکانی لە پێوەندی لەگەڵ فێرکردن(پلانی کاری ڕاهێنانەکەی) دیاری بکات و بزانێت فێرخواز، چ لێکدانەوەیەکی لەسەر ویستەکان یا پلانەکەی ڕاهێنەر هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە فێرخواز چ لێکدانەوەیەکی هەیە لەسەر جیاوازی نێوان ئەو دۆخەی کە ئێستا تێیدایە و ئەو دۆخەی کە حەز دەکات پێی بگات، ڕاهێنەر و فێرخواز دەبێ پێکەوە پلانێک دیاری بکەن بۆ کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە. گرنگترین ئامێر لە پرۆسەی ڕاهێنەری هەر وەک پێشتریش باسکرا گوێدان، پرسیارکردن و وڵامدانەوەیە. هیچ کار و کردەوەیەک خۆی لە خۆیدا چاک یان خراپ نییە، ئەوە ئێمە مرۆڤەکانین کە ئەو کار و کردەوانە بە شێوازی چاک یان خراپ دەبینین یان هەڵیاندەسەنگێنین.

### سندووقی ئامێری ڕاهێنەری

کەڵکوەرگرتن لە سندووقی ئامێری ڕاهێنەری بۆ دەربازبوون لە قۆناغی ئێستا و گەیشتن بە قۆناغی داهاتوویەک کە حەزمان لێیە یا ئاواتمانە، یانی بەدیهێنانی داهاتوویەکی باشتر، گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

ئێمە مرۆڤەکان نە لاپەڕێکی سپین کە هیچمان لەسەر نەنووسرابێ و نە سندووقێکین کە پڕکرابین لە زانیاری. لە هەر قۆناغ و تەمەنێک لە پرۆسەی ژیاندا بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ ئاڵوگۆڕ ڕووبەڕوو دەبینەوە کە ئەزموونی جیاواز لەو ئاڵوگۆڕانە وەردەگرین. کەواتە ئەگەر بمانهەوێت بەشداری پرۆسەی ڕاهێنەری بکەین، وا باشە وەک خاوەنداری پرۆسەکە چالاک بین لە دیاریکردنی ئامانجەکان وپلانی کاریمان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و هەروەها ئاڵوگۆڕی فکریمان هەبێ. بۆ خۆمان دەبێ شێوەی ژیان کردنی خۆمان بدۆزینەوە. وەک فێرخوازێک کە بەشداری پرۆسەی ڕاهێنەری دەکەی، هەم بۆ هەڵبژاردنی مێتۆدەکە و هەم بۆ خستنەگەڕ و بەجێگەیاندنی بەرپرسیاری. لە پێوەندی لەگەڵ ڕاهێنەریدا ئەو خاڵانەی خوارەوە کە لە نێو سندووقی ئامێری ڕاهێنەریدان زۆر گرینگن وەک:

- چالاکانە گوێدان
- پرسیارکردن
- وڵامدانەوە بە وتە یان بەکردار
- ئارامی دەروونی

کەواتە بە گشتی دەتوانین بڵێین گرنگترین ئامێر لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا گوێدان، پرسیارکردن، وڵامدانەوە، شێوازی قسەکردن، تێڕوانینێکی ئەرێنییانە، ڕێزی دوولایانە، چڕبوونەوە لەسەر قۆناغی داهاتوو و تاقیکردنەوەی ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

### دوو ڕێگا بۆ دەستکەوتی باش لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا

١- لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێوە، پرۆسەکە بە کۆتایی بگەیەنین و دەستکەوتی باشمان هەبێت یان بە ئامانجەکانمان بگەین و بتوانین زاڵ بین بەسەر کەند و کۆسپەکاندا، دەبێ لەسەر ئەو سێ خاڵەی خوارەوە بە وردی کار بکرێ:

- بیرورا
- هەست و سۆز
- خوو و ڕەوشت و کردەوە

هەر وەک پێشتریش باسکرا جۆری بیرکردنەوەمان و چۆنیەتی تێڕوانینمان بۆ بابەتەکان وەک پێوەرێکە بۆ دیاریکردنی هەڵسوکەوتەکانمان لەبەرامبەر بابەتەکاندا. هەروەها چۆنیەتی تێڕوانین لە خۆمان سەرچاوەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتمانە. کە باسی هەڵسوکەوت دەکەین، ڕاستەوخۆ باس لە ئەخلاق دەکەین. ئەخلاق وەک ئاکار و ڕەوشت وەک ناسین و تاوتوێکردنی بەهاکانی تاکی مرۆڤ وەک چاکی، خراپی، ئەرک و ... هتد. ئەخلاقێک کە شیاوی مرۆڤایەتی بێت. کەواتە تێڕوانین و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئەرێنی یارمەتیدەرێکی باشە بۆ زووتر گەیشتن بە قۆناغی داهاتوو کە ئامانجمانە.

سروشتی ئێمەی مرۆڤەکان ئاوایە کە زۆر جار هەڵسوکەوتی نەشیاومان دەبێت، وا بیر دەکەینەوە(یان دەڵێین ) «من نەمویست وا بێت یان وابکەم یان وا بڵێم» بەڵام لایەنی بەرامبەر تووشی ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی کردم. Jackson جاکسۆن دەڵێت: ‹‹لەبەرامبەر هەڵسوکەوتی نارێک یان خراپی خەڵکانی دیکە تۆ هەوڵ بدە بە شێوەیەکی شیاو یان بە ئەدەبەوە ڕەفتار بکەیت، ڕێگە مەدە هەڵسوکەوتی ئەوان کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی تۆ دابنێت و گۆڕانی خراپ بەسەر خوو و ڕەوشتی خۆت دابێنی.››

هەوڵ بدەین بۆ گۆڕینی تێڕوانینمان، شێوازی قسەکردنمان، هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەمان. هەر چەند بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە وزە و کاتی پێویستە بەڵام لە هەمانکاتدا گرینگی خۆی هەیە.




**وێنەی ٩ دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان قۆناغی ئێستا و داهاتوو، هەروەها ئامێرەکانی هۆکار بۆ گەیشتن بە قۆناغی داهاتوو لە نێو سندووقی ڕاهێنەریدا.**




**وێنەی ١٠ لە هێندێک کاتدا بەر لە هەر شتێک، پێویستە ڕاهێنەری بکرێ لەسەر گۆڕینی هەست و ڕەوشت و بیرکردنەوە نەرێنییەکان. ڕاهێنەرێک ڕاهێنەری بە فێرخوازێک دەکات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە وەک: وەدەستهێنانی هەستی ئەرێنی، هەبوونی ڕەفتاری ئەرێنی و بیرکردنەوەی ئەرێنی.**




**وێنەی ١١ ڕاهێنەری میکانیزمێکە بۆ بیروڕای ئەرێنی، هەست وسۆزی ئەرێنی و ڕەوشت و کرداری ئەرێنی و پێوەندییەکی باشیش وەک چەترێکە لە سەر ئامانجەکان.**

٢- کاتێک ڕاهێنەر و فێرخواز پێکەوە دانوستان دەکەن، هەر یەکەو جانتایەکی پڕی لە بیروڕا، هەست و سۆز و ڕەوشت و کرداری تایبەت بە خۆیان پێیە. هەروەها گرینگە فێرخواز وێڕای ئەوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا ئەوانەی خوارەوەشی لە جانتاکەیدا هەبێ:

- هەبوونی پاڵپێنەر یان هانە(ئەنگیزە) بۆ فێربوون.
- هەبوونی توانا و ویستی گەشەکردن و ئاڵوگۆڕ بەسەرخۆداهێنان.
- هەبوونی ڕوانگەی ئەرێنی بەتایبەت لەسەر خۆی.

### چ شتێک ڕاهێنەری نییە؟

بە پێی ئەو پێناسە و شیکردنەوەی لە سەرەوە ئاماژەم پێدا لەسەر پرۆسەی ڕاهێنەری دەتوانین بڵێین هێندێک ئەرک و ڕۆڵی تایبەت لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا هەن کە لە لایەکەوە بە پرۆسەکە مانا دەدەن و گرنگی خۆیان هەیە بەڵام لە هەمانکاتدا بە ڕاهێنەری بەئەژمار نایەن.

ئەگەر بە وریاییەوە هەڵسوکەوت نەکەین ئەوانە دەبنە هۆی دروستبوونی کەند و کۆسپ و پەشێوی و ئاڵۆزی لە نێوان ڕاهێنەر و فێرخواز کە دەرەنجامەکەی مەترسیدارە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە وەک:

### دەستووردان و کۆنترۆڵکردن

پێوەندی نێوان ڕاهێنەر و فێرخواز ئەوەیە کە یەکیان فێر دەکات و ئەویتر فێر دەبێت. یانی دەتوانین بڵێین یارمەتیکردن و یارمەتیوەرگرتن. لەو کاتەدا دەبێ هەر دوو لایەن وریا بن و ئاگاداری ئەوە بن کە پێوەندییەکەی نێوانیان نەبێتە پێوەندی دەستووردان و دەستووروەرگرتن. ڕاهێنەر تەنیا یارمەتیدەرە و بەس. مەبەست لە پرۆسەی ڕاهێنەری بەدیهێنانی سیستمێکی فەرمانڕەوایی نییە. ڕاهێنەر نابێ بە هیچ شێوەیەک هێزی خۆی بە سەر فێرخوازدا داسەپێنێت یان هەوڵ بدات بۆ ئەوەی بە سەریدا زاڵ بێت، یا حەز بکات بەشێوەیەک فێرخواز کۆنترۆڵ بکات. ڕاهێنەر ناتوانێ بەئاسانی دەستوور بدات یان یاسا دابڕێژێت.

### سەرۆکی یان بەڕێوەبەری کردن

هێندێک سەرۆک یان بەرێوەبەر هەن کە خۆیان بە شارەگ و بنەما دەزانن و مۆڵەت بە کەسانی دیکە نادەن کە بەو شێوەیەی هەن و دەیانهەوێت خۆیان دەرخەن، وا دەزانن هەر ئەوان لێزان و نەجاتدەرن. لە مێتۆدی ڕاهێنەریدا، ڕاهێنەر ڕۆڵی سەرۆک یا بەڕێوەبەر ناگێڕێ و باوەڕی بە قارەمان و سووپەرمەن بوون نییە. بەپێچەوانە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکەی دەبێ هەوڵ بدات بۆ ئەوەی کە فێرخوازیش هەست بەوە بکات کە ئەویش بنەما و شارەگی پرۆسەکەیە.

### ڕاهێنەری، ڕێگادیاریکردن یان ڕێنیشاندان نییە

هێندێک جار ڕێنوێنی کردنی فێرخواز شتێکی باشە، بەڵام لە مێتۆدی ڕاهێنەریدا ڕێنوێنی کردن باش نییە لە بەر ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە فێرخواز دوورەپەرێز(پاسیو) بێت یانی هەڵسوور و تۆژەرەوە(کونجکاو) نەبێت بۆ دۆزینەوەی بیروڕای خۆی، بەڵام ڕاهێنەرەکەی دەبێ لە ڕێگای پرسیارکردن، کارێکی وابکات کە فێرخواز بۆ خۆی ڕێگاچارە بۆ کێشە یان داخوازییەکەی خۆی بدۆزێتەوە. تەنانەت ڕێنوێنی کردنیش باش نییە، هەرچەند فێرخواز لەو ڕێنوێنییانە زانیاری وەردەگرێت بەڵام زۆر ئاساییە کە لەو ڕێنوێنییانە کەڵک وەرگرێت و هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەو کات فێرخواز خۆ ماندوو ناکات بۆ دۆزینەوەی بیروڕای خۆی و ڕێگاچارەیەک کە بۆخۆی بڕوای تەواوی پێی بێت.

### ڕاهێنەری، هەست و سۆز نییە

ڕاهێنەری ئەوە نییە کە تۆ بە هەست و سۆز و میهرەبان بی و کێشە و وانەکانی فێرخواز چارەسەر بکەی. ئەو کاتە شانسی ئەوەت بە فێرخواز نەداوە کە بە شێوازی خۆی کێشەکە یا وانەکەی چارەسەر کات و لەوانەیە زۆر لە ئی ڕاهێنەریش باشتر بێت. ڕاهێنەری وڵامدانەوە بە پرسیار و وانەکانی فێرخواز نییە، بەڵکوو فێرکردنە. فێرکردنی فێرخواز بۆ دۆزینەوەی ڕێگا و شێوازی خۆی، بۆ خوڵقاندنی ئیدە و بیروڕایە. پەندێکی پێشینیانی چینییەکان هەیە کە دەڵێ: ئەگەر ماسییەک بدەی بە کەسێک کەواتە خواردنی ژەمێکت بۆ دابینکردووە، بەڵام ئەگەر فێری ماسی گرتنی کەی، ئەوکات خواردنی زۆر ژەمت بۆ دابین کردووە. کەواتە ئەو پەندە، ڕاهێنەریش دەگرێتەوە. هەر بۆیە ڕاهێنەر کاری وڵامدانەوە یا چارەسەرکردنی کێشەکەی فێرخواز نییە. بەڵکوو یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ ئەوەی خۆی لە ڕێگای بیرکردنەوە وڵام یان چارەسەر بۆ کێشەکەی بدۆزێتەوە.

### فریودان و ناڕوونی

بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕاهێنەری بە شێوەیەکی نازانستیانە و هەڕەمەکی و سەرسەریانە یان تاقیکردنەوەی ڕاستی(شتێک بە بەراوردکردن لەگەڵ شتێکدا کە دەزانرێت ڕاستە) یانی شێوەیەک لە فریودان. کاتێک ڕاهێنەر ئەوەندە پرسیار دەکات یا باسەکەی بەشێوەیەک بەیان دەکات کە زوو کاریگەری لە سەر فێرخوازەکە هەبێت، یان کردنی کارێکی سەرسووڕهێنەرانە بۆ مەبەستی خۆدەرخستن و ڕاکێشانی سەرنجی فێرخواز بۆ لای خۆی، ئەوە شێوەیەک لە فریودانە. هەروەها ناڕوونی لە جێبەجێکردنی پلان و ئەرکەکان دەبێتە هۆکارێک بۆ دووربونەوەی فێرخواز لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

# چەند کۆپلەشێعری شاعێری بەتوانا م.کەریم دافعی

"میداڵ"

من دڵنیام
سەرۆکی هیچ وڵاتێکی
لە هیچ شەڕێک دا
ناکوژرێ
مەرگ
تەنیا میداڵێکە
لە بەرۆکی هەژار
دەدرێ!

"شەماڵ"

شنەی شەماڵ
ئە ملا و یتی
بەم زستانە!
کەی شەماڵت ماچ
کردووە
وا لە گەڵم میهرەبانە!

"چاوەکانت"

چاوەکانت کوردستانن
لێوڕێژ لە خەم
کەی دەبنە خانەخوێی
شادی؟
تا سەیریان کەم
بە ئازادی!



"شەرمەزاری"

ژیاننامەم
تەنیا یەک قۆناخی هەیە
خاوەنی لێی شەرمەندەیە
بۆ هەمیشە!
ئەویش بەشێک
کە دەمتوانی بقیژێنم
بێدەنگیم کردۆتە پیشە!

"قاو"

بێدەنگی تۆم
مەم شکێنە!
ببمە هاوار
زۆر نهێنیم دێنە سەر
زار!

"بێ گومان"

هەر من ناڵێم
مێژووش دەڵێ:
هەر دەسەڵاتی بناخەی
لە سەر گوشار و ستەمە
عومری کەمە!

"مەرگ"

کێ بوو وتی:
ئاسمان
جێگای متمانەیە ؟
لێرە مەرگ
دوو باڵی ئاگری هەیە
فڕین،
تەنیا بەهانەیە!

"متمانە"

متمانەیان زامار کردووم
هەست دەکەم زیندوو نیم
مردووم
ئێستا یەک ئامانجم هەیە
مەرگی هەموو ئەو کەسانە
هەستیان کردم بە نیشانە!

"خوێن"

لە بەر پێتا
خوێن نارێژم!
لەم وڵاتە
هێندە خوێنی لێ
ڕژاوە
قوربانی ئەنێمە لاوە!

"سپێدەی خوێناوی"

بەر لە دەنگی
کەلەشێری بەرەبەیان
تۆ باڵت گرت بەرەو ئاسمان!
زانیان دەگەی بە خۆرەتاو
سپێدەیان
کردە داوگەی مەرگ و
نەمان!

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No : 766 · 20 january 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


## ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر باروودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەردیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان. ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی ساڵی ٢٠١٩لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران دەکات.

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردستان
آژانس خبرسانی کردپا
Kurdistan Press Agency

**هێمایەک لە پێشێلکردني مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٩دا ئەم ئامارانە بە پشتبەستن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، کۆکراوەتەوە.**

### سزادانی هاووڵاتییانی کورد بە زیندان:



١٤٣ هاووڵاتی لەلایەن دادگاکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بە زیندان و سزای دیکە مەحکووم کراون.
٦٣٨ ساڵ و ٣ مانگ و ١ ڕۆژ زیندانیی تەعزیری
٢٩ ساڵ زیندانیی تەعلیقی
مەحکوومکردنی زیندانییەکی سیاسی بە ئێعدام
دوورخستنەوەی ٣ زیندانیی بۆ زیندانی ناوچە دووردەستەکان
«ممنوع‌الخروج»کردنی ٢ هاووڵاتی لە ئێران
قەدەغەکردنی هاووڵاتییەک لە چالاکیی میدیایی
بڕینەوەی حوکمی لێدانی ٩٤ زەربە قامچی

١٦٠ میلیۆن تمەن سزای نەختی
هەروەها
دەسبەسەرداگرتنی کەرەستە و موزایدەی بارمتەی ٧ چالاکی سیاسی
گۆڕینی حوکمی ٥ هاووڵاتی بە تایبەتی چالاکێکی ژینگەیی بە شێوەی:
کەمکردنەوەی حوکمی ٢ کەس لە ٥ ساڵەوە بۆ ٤ ساڵ،
گۆڕینی حوکمی هاووڵاتییەک لە ٤ ساڵ زیندانیی تەعزیرییەوە بۆ ٥ ساڵ زیندانیی تەعلیقی
پشتڕاستکردنەوەی حوکمی ٥ هاووڵاتی بە تایبەت چالاکێکی کرێکاری، مامۆستایەک و نووسەرێک بە شێوەی:
٣٧ ساڵ زیندانیی تەعزیری و ٣ ساڵ زیندانیی تەعلیقی.
٤ کەس لەو کەسانە ژن بوون.
حوکمی لێدانی ١٠٠ زەربە قامچی لە گۆرانیبێژێکی خەڵکی ورمێ بەناوی پەیمان میرزازادە بە تۆمەتی بێڕیزی بە پیرۆزییەکان لەو ساڵەدا، بەڕێوە چووە.
هەروەها لە «خۆی» سزای لێدانی ٧٠ زەربە قامچی لە ژنێکی تەمەن ٨٠ ساڵ بە ناوی سەلبی مەرەند بە تۆمەتی تێکدانی نووسینگەی زیندان، پاش مردنی گوماناویی کوڕەکەی، لەو زیندانە بەڕێوە چوو.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان لە کوردستان:



٧٥٧ حاڵەتی دەسبەسەرکران لە کوردستانی ئێران لە ساڵی ٢٠١٩ ڕووی داوە
٢٢٥ کەس لەم کەسانە لە ڕەوتی کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ دەسبەسەر کراون.

ئەمە تەنیا ئامارێکە کە لەلایەن میدیا نافەرمییەکانەوە، بڵاو کراوەتەوە.
بەڵام فەرماندە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لەژێر ناوی «ڕێبەری ئاژاوەگێڕەکان» ئەم ئامارەیان بڵاو کردووەتەوە.
ڕێکەوتی ٢٧ی سەرماوەزی ساڵی ٩٨، فەرماندەی ئینتزامیی پارێزگای کرماشان، باسی لە دەسبەسەرکردنی ٢٥٠ هاووڵاتیی نارازی لەژێر ناوی «ڕێبەر و ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان» کرد.
بەرپرسانی ئینتزامی و دادوەری لە پارێزگای سنە لە ڕێکەوتی ١٠ی سەرماوەزی ئەمساڵ، باسیان لە دەسبەسەرکردنی ٢٥ هاووڵاتی لە شارەکانی مەریوان و سنە لەژێر ناوی «ڕێبەر و ڕێکخەری تێکدان» کردبوو.
ڕێکەوتی ١٨ی سەرماوەز، فەرماندەی هێزە ئینتزامییەکانی پارێزگای سنە، باسی لە ناسین و دەسبەسەرکردنی ٨ هاووڵاتی لەژێر ناوی «ڕێبەر و ڕێکخەری تێکدان» لە ماوەی کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ، لە شاری مەریوان کردبوو.
ژمارەی هاووڵاتییانی دەسبەسەرکراوی کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ، بە جیاکردنەوەی شارەکان بەپێی ئاماری ئاژانسی کوردپا بەم چەشنەیە:
جوانڕۆ ٥٣ کەس، کرماشان ١٨ کەس، سەلاسی باوەجانی ١١ کەس، سەرپێڵی زەهاو ١ کەس، مەریوان ٤٥ کەس، سنە ٦٣ کەس، ورمێ ١١ کەس، بۆکان ٦ کەس، سەقز ١١ کەس، ئیلام ٣ کەس، کامیاران ٥ کەس، بانە ١ کەس، کەلاردەشتی مازندەران ١ کەس، هەروەها ٢ کوردی دانیشتووی شارەکانی ئیسفەهان و کەرەج.
هەروەها لە ئەمساڵدا و لە کرماشان، ١٠ چالاکی ئەدەبی و فەرهەنگیی کورد، دەسبەسەرکراون، کەرەستەی کەسیی ئەوان دەستی بەسەرداگیراوە، کە بریتین لە: «فواد موزەفەری، فەرزاد سەفەرە، هومایوون عەباسی، عەباس جەلیلیان (ئاکۆ)، سۆهراب مورادی، ئەحمەد بەساتی، داریووش مورادی، مەحیەدین ئەسغەری، موزەفەر وەتەن دوست و خەلیل ئەسدی بۆژرانی».
٣٢کەس لەو کەسانە کە دەسبەسەر کراون ژنن.
هەروەها، ٧٣ کەس بە هێرش بردنە سەر ماڵیان دەسبەسەر کراون و ٥٦ کەسیش بە پشکنینی ماڵەکەیان.
٣٤ کەس لە کاتی دەسبەسەرکردندا لەلایەن هێزە ئەمنییەتی و نیزامییەکان ئازار و ئەشکەنجە دراون کە ٤ کەسیان بەتوندی بریندار بوون.

### ناڕوونیی چارەنووسی هاووڵاتییان:

لە ٥٧٩ حاڵەتی دەسبەسەرکراوی هاووڵاتییان لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە، چارەنووس و شوێنی ٥٣٢ کەسیان ناڕوون بووە و ماڵی ١٣٨ کەسیان لە کاتی دەسبەسەرکراندا، لەلایەن مەئموورانی دادوەری و ئەمنییەتییەوە، پشکێندراون و کەرەستەی کەسیی ٤٠ کەسیان دەستی بەسەردا گیراوە و ٢٦ کەسیان لە کاتی دەسبەسەریدا، ئازار و ئەشکەنجە دراون.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:



کوژراو و برینداربوونی ٢٥١ کۆڵبەر و ٢٠ کاسبکاری کورد لە ساڵی ٢٠١٩دا

لە ساڵی ٢٠١٩دا: ٢٥١ کۆڵبەر لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە کوژراون و بریندار بوون (٧١ کوژرا و ١٨٠ کۆڵبەریش بریندار بووە).
٦ کەس لەو کۆڵبەرە کوژراوانە تەمەنیان لەژێر ١٨ ساڵ بووە و کەسێکی دیکەیان ١٨ ساڵان بووە.
هەروەها لە ساڵی ٢٠١٩ی زایینی، ٢١ کاسبکاری کورد لە جادەکاندا بە گومانی هەڵگرتنی شتومەکی قاچاخ لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە کوژراون و برینداربوون (١٢ کوژراو و ٨ بریندار).
لەو ماوەیەدا، ٥ هاووڵاتیی مەدەنی لە جادەکان بە گومانی هەڵگرتنی شتومەکی قاچاخ کراونەتە ئامانجی تەقەی هێزە نیزامییەکان (١ کوژراو و ٤ بریندا

### ئێعدام کردنی هاووڵاتییان لە ئێران و کوردستان:



لە ساڵی ٢٠١٩ی زایینی، ٢٥٤ کەس لە ئێرانی ئیسلامیدا لەسێدارە دران کە ٣٨ کەسیان کورد بوون
بەپێی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لە ساڵی ٢٠١٩:
حوکمی لەسێدارەدانی ٢٥٤ هاووڵاتی لە ساڵی ٢٠١٩ لە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەڕێوە چووە کە لەو ڕێژەیە ٣٨ کەسیان کورد بوون.
زیدەباری ئەو ٣٨ کەسە، ١٥ کەسی دیکەش لە زیندانەکانی کوردستان لەسێدارە دراون کە بەهۆی ناڕوونیی «ئەهلیت»ـیان، بە شێوەی جیا لەم ڕاپۆرتە ئاماژەی پێکراوە.
بەم پێیە ٥٣ کەس لە کوردستان ئێعدام کراون کە بە ڕوونی ٣٨ کەسیان کوردن.

### کوژران و برینداربوونی هاووڵاتییان بە تەقینەوەی مین لە کوردستان:

دوو زیندانی بە ناوەکانی «عەلی
لە ساڵی ٢٠١٩ لە کوردستاندا، ٢٧ هاووڵاتی بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون



٢٧ کەس لە ساڵی ٢٠١٩ی زایینی بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون (٢ کوژراو و ٢٥ بریندار).
٢٢ کەس لەو کەسانە هاووڵاتییانی مەدەنی بوون کە بەهۆی مینە چێندراوەکان کوژراون و بریندار بوون (٢ کوژراو و ٢٠ بریندار).
لە کۆی ئەو ئامارە ٢ مێرمنداڵی تەمەن ١٥ و ١٠ ساڵان بوون کە مێرمنداڵە تەمەن ١٥ ساڵانەکە گیانی لەدەست داوە و مێرمنداڵی تەمەن ١٠ ساڵانەکەش بریندار بووە.
هەروەها ٩ کەس لەو کەسانە کۆڵبەر بووە کە لە کاتی کۆڵبەریدا، بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون.
هەروەها ٥ کەس لەو کەسانە لە فەرمانبەرانی هەڵگرەوەی مین بوون کە لە کاتی هەڵگرتنەوەی میندا، بریندار بوون.
ئاژانسی کوردپا، تەنیا دوو کەس لەو ٥ کەسە وەکوو هاووڵاتیی کورد پشتڕاست دەکاتەوە.
کوژراو و برینداربوونی هاووڵاتییانی مەدەنی و هەڵگرەوەی مین بەپێی پارێزگاکان بەم چەشنەیە:
پارێزگای ئیلام:١١ کەس
پارێزگای کرماشان: ٥ کەس
پارێزگای سنە: ٨ کەس
پارێزگای ورمێ: ٣ کەس

**بەپێی ئەم ئامارە، لە ساڵی ٢٠١٩ی زایینی، سەرجەم ١٩٤٩ حاڵەتی پێشێلکاری لەلایەن ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە، کە لەو ڕێژەی جگە لە ئێعدام کردنی ٢١٦ هاووڵاتیی لە ئێران، ١٧٣٣ حاڵەتی پێشێلکاری لە کوردستانی ئێران ڕووی داوە.**